https://www.doi.org/10.31918/twejer.1922.1

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# شێوازی ناونیشان و ناونانی کەسایەتییەکان لە ڕۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور)دا

پ. د. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی
زانکۆی سەلاحەدین- پەروەردە

م. ئاوارە کەمال صالح
پەیمانگەی تەکنەلۆجی هەولێر- کوردی
awarakamal@Yahoo.com

**پوختە:**

ئەم تـوێژینەوەیە هەوڵـێکە بـۆ بەرجەسـتەکردنی شـێوازی ناونیشـانی ڕۆمـــان و ناونـــانی کەســـایەتییەکان لە ڕۆمانەکـــانی (کـــاروان عـــومەر کاکەســـوور)دا، ئەمەش لە ڕوانـــگەی درککـــردن بە پـــێگەی ناونیشـــان لە جوگرافیای دەقدا و گرنگی لە ڕاکێشانی وەرگردا. هاوکات کارمـان لەسـەر شـێوازی ناونـانی کەسـایەتییەکان لە ڕۆمانەکـانی ڕۆماننووسـدا کـردووە، ئەو شێوازەمان شیکردۆتەوە کە ڕۆمـاننووس لە ناونـانی کەسـایەتییەکاندا پەنـــای بـــۆ بـــردووە. لەم پێناوەشـــدا توێژینەوەکەمـــان لە پێشـــەکی و دوو تەوەرە پێکهاتووە، لەگەڵ خستنەڕووی گرنگترین ئەنجامەکان. لە کۆتایشدا لیستی سـەرچاوەکان و پـوختەی تـوێژینەوەکە بە هەردوو زمـانی عەرەبـی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

**وشە کلیلییەکان:** ناونیشانی ڕۆمان، ئەرکی ناونیشان، دەلالـەتی ناونیشـان، ناونانی کەسایەتییەکان، شێوازی ناونان.

## شێوازی ناونیشان و ناونانی کەسایەتییەکان

## لە ڕۆمانەکانی (کاروان عومەر کاکەسوور)دا

### پێشەکی:

ناونیشانی ڕۆمان ئەو ئاماژەیەیە کە لە ڕۆماندا خاوەنی پێگەیەکی گرنگە، هاوکات لە یەکەم چرکەدا دید و هزری وەرگر بۆ خۆی دەبات. لەم ڕوانگەیەوە ناونیشانی ڕۆمان وەک توخمێکی ئاسایی دەرناکەوێت و ڕۆماننووس هەوڵدەدات زۆرترین مانا لە ناونیشان باربکات. واتە ناونیشان هەڵگری دەلالەتە، و ئەمەش خوێنەر هاندەدات تاکو لە پرۆسەی خوێندنەوەدا پەی بە ئاماژەکان ببات و کۆدەکانی ناونیشان بکاتەوە و نەوتراوەکان ئاشکرا بکات. لایەنێکی دیکەی ئەم توێژینەوەیە کارکردنە لەسەر ئەو شێوازەی، کە (کاروان عومەر کاکەسوور) لە شێوازی ناونانی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکاندا پەیڕەوی کردووە، چونکە ناوی کەسایەتییەکان بەشێکن لە بونیادی هونەریی جەستەی ڕۆمان و دەتوانن هەڵگری سیما و خەسڵەتەکانی کەسایەتییەکان بن. لەم پێناوەشدا کارمان لەسەر ڕۆمانەکانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە، کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، کازینۆی منداڵان، ماڵی نانی، ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش) کردووە. لەم توێژینەوە ڕەخنەییەدا میتۆدی (شیکاریی شێوازی)مان پەیڕەوکردووە، تاوەکو سیما جیاکارییەکانی شێوازیی ناونیشان و ناونانی کەسایەتییەکان لە ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور)دا بخەینەڕوو.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو تەوەرەی سەرەکی پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم دوو لایەن لەخۆدەگرێت، لایەنی یەکەم بریتییە لە شێوازی ناونیشان (ناونان) لە ڕۆماندا، لایەنی دووەمیش شێوازی ناونیشان لە ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور)دا و بە شێوەیەکی پراکتیکی کاری لەسەر کراوە. تەوەرەی دووەمیش لە دوو لایەن پێکهاتووە، کە لایەنی یەکەم بریتییە لە شێوازی ناونانی کەسایەتییەکان لە ڕۆماندا، لایەنی دووەمیش شێوازی ناونانی کەسایەتییەکان لە ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور)دا، کە بەشێوەیەکی پراکتیکی

خراوەتەڕوو. لە کۆتاییشدا ئاماژە بە گرنگترین ئەو ئەنجامانە کراوە کە توێژەران لە تــوێژینەوەکەدا پێیگەیشــتوون. لەگەڵ لیســتی ســەرچاوەکان و پــوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**تەوەرەی یەکەم:**

**١. شێوازی ناونیشان(ناونان) لە ڕۆماندا:**

ناونیشــانی ڕۆمــان ئەو دەروازەیەیە، کە ســەرنجی خــوێنەر بــۆ خــۆی ڕادەکێشــێت. واتە: هەر لە چرکەکــانی ســەرەتاوە، (ناونیشــان) لە دەرگــای هەستەکانی وەرگر دەدات. لێرەشەوە کۆمەڵێک کاردانەوە لەلای وەرگر دروست دەکات. ئاشکرایە ئەمەش لە سەر ڕۆماننووس دەوەستێت، بەوەی ئاخۆ تا چەند لە هەڵبژاردنی ناونیشانی دەقەکانیدا سەرکەوتوو بووە؟ و توانیویەتی خوێنەر لە ڕێگەی ناونیشـانەکەوە کەمەندکێشـی نێـو دەقەکەی بکـات. چـونکە ناونیشـان ئەدگارێکی گرنگی ناسنامەی دەقی ڕۆمان پێکدەهێنێت. بەم پێیەش ناونیشان هەڵگری دەلالەتەکانی گوتاری ڕۆمانە. هەر بۆیە ((جاک دیریدا) (ناونیشان) بە چراخـان دەچوێنێت و دەڵێت (ناونیشـان سـوورەییای دەقە) و دەتوانێ ڕێگە و کەلەبەرە تاریکەکانی خوێندنەوەی دەق ڕوونـاک بکاتەوە و لە سـەرەوە تیشک دەهــاوێژێتە ســەر بەشــێکی زۆری ڕووبەری مەتــن) (ئەســوەد، ٢٠٠٦، ل: ٧٥). یەکەم بەریەککەوتنـی دەق و خـوێنەر خـۆی لە ناونیشـاندا دەبینێـتەوە. ئەمەش ئەوە دەسەپێنێت، کە ناونیشان وشەیەک یاخود چەند وشەیەکی ئاسایی نەبێت. واتە هەڵگری هەمان واتا فەرهەنگییەکانی خۆیان نابن. بەڵکو پێویستە هەڵگری چەندین ئاماژەی جیاوازبن و بارکراوبن بۆ بەخشینی مانا و دەلالەتی نوێ، بۆیە ناونیشــان بەم ئاراســتەیەدا بەرەو ئاســتەکانی ســیمانتیک و پراگمــاتیکی زمــان دەخشــێت. واتە هەڵهێنجــانی ئامــاژە و واتاکــان پەیوەســت دەبــن، بە کەشــی خوێنــدنەوە و شــوێن و کــات و دەوروبەر و ژیــنگە و ســیاقەوە، بەم پێــیە هەلــومەرجە جیاوازەکــانی خوێنــدنەوە و باکگراونــدیی خــوێنەر ڕۆڵیــان لە دیــاریکردن و دۆزیـنەوەی مانـای نـوێ بە ناونیشـانی دەقەکـان هەیە. لێـرەوە ناونیشان ڕۆڵی ڕێبەرێک یاخود دەلیلێک دەبینێت، تاوەکو ڕێنوێنی وەرگر بکات

به مەبەستی گەیشتن بە پەیامی گوتاری ڕۆمان. واتە ناونیشـان ئەو کلیلەیە، کە خوێنەر دەتوانێت بۆ کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی دەقی ڕۆمان سـوودی لـێ وەربگرێت. بۆیە دەوترێت کە (ناونیشان دەقێکی بچکۆلەی چڕکراوی ڕستەیی پڕ لە ئیحـایە، کە ڕۆڵێکـی گرنگـی لە چـۆنیەتی خوێنـدنەوەکەدا هەیە، لە ئاسـتی دەربڕینیشـــدا پێکهـــاتەیەکی زمـــانەوانییە و لە ســـەرەوەی دەقەوە ڕۆڵـــی لە خەملاندنی بـابەت و شـەقڵپێدانی تـیمەی ڕۆمانـدا هەیە، هەوڵـدەدات کـۆد و هێماکانی دەق بکاتەوە و (بینین)ی نووسـەرەکە لەلای خوێنەر ڕۆشـن بکاتەوە) (ئەســـوەد، ٢٠٠٦، ل: ٧٤). لێـــرەوە ڕەنـــگە دژوارتـــرین کـــاری ڕۆمـــاننووس، هەڵبژاردنی ناوێک یاخود ناونیشـانێک بێت بۆ ڕۆمانەکەی. چونکە ناونیشـان دەتوانێت تارادەیەک هاوسەنگی هاوکێشەی دەقەکە ڕابگرێت. ناونیشان پێویستە چڕکـراوە و خەسـتەی دەقەکە بێت. هەر بـۆیە ڕۆمـاننووس پێویسـتە زۆر بە ئاگاییەوە ناونیشانی ڕۆمانەکەی دیاری بکات. چونکە زۆرجار خوێنەر لە ڕێگەی ناونیشـانەوە شـەیدای دەقێک دەبێت. ئەم لایەنەش پێویسـتی بە وردبوونەوە و قوڵبـوونەوەی ڕۆمـاننووس هەیە، کە بتوانێت ناوێک لە ڕۆمـانەکەی بنێت، کە ڕازدار و هەڵگـری ئاماژەبێـت و هـزری خـوێنەر بـۆ خـۆی بەرێـت. زۆرجـار ڕۆمـاننووس لە هەڵبژاردنـی نـاو بـۆ ڕۆمـانەکەی پەنـا بـۆ ناوێـک، ئاوەڵناوێـک، نازناوێک، وشەیەک یاخود چەند وشـەیەکی بیانی دەبات. تاکو بەپێی پلانێکی تایبەت لە دوا وێستگەدا، وەک ناوێکی شایستە بە بەرۆکی ڕۆمانەکەیەوە بنێت.

(کاروان کاکەسوور)یش وەک یەکێک لە چیرۆکنووس و ڕۆماننووسـەکانی دوای ڕاپەڕین، لە ڕێگەی ناونیشانی چیرۆک و ڕۆمانەکانییەوە خوێنەر تووشـی هەڵوەسـتە و ڕامـان دەکـات. لە ئاسـت ئەو ناونیشـانانەی، کە بـۆ ڕۆمانەکـانی هەڵبـژاردووە، چـونکە مەبەسـتیەتی تەنهـا لە ڕێگـەی ئامـاژەی چـڕ و کـورت و دەلالەت ئـامێزەوە هەسـتەکانی خـوێنەر لە دەوری دەقەکـانی کۆکـاتەوە. چـونکە ناونیشان ((تەنیا دەستەواژەیەکی زمانەوانی دابڕاو نییە، بەڵکو کلیلێکی ڕاڤەکاریی بنچینەییـیە بـۆ کـردنەوەی لایەنە داخراوەکـانی دەق))(ڕەشـید، ٢٠٠٧، ل: ٥٣). (کاروان کاکەسوور) ئەگەرچی کلیلێک دەداتە خوێنەر، بەڵام دواجار لە بەردەم کۆمەڵێک دەرگای داخراودا ڕایدەگرێت. تاکو خوێنەر تەواو سەراسیمە و حەیران

بکات. ئاخۆ ئەم کلیلە کام دەرگای داخراوی دەق بەڕووی خوێنەردا دەکاتەوە. بۆیە ناونیشان ئەو کۆدەیە، کە هەر لە سەرەتاوە هزری خوێنەر داگیر دەکات. تاوەکو هەوڵەکانی چڕکاتەوە و بتوانێت لە میانەی پرۆسەی خوێندنەوەدا ئەو کۆدانە بکاتەوە. (کاروان) لە بارەی ناونیشانەوە دەڵێت: ((ناونیشان تەنها ئایکۆنێک نییە بۆ ناسینەوەی تێکست، بەڵکو هەر خۆی بزوێنەری ماناکانە، ئەوە ناونیشانە ئاماژە بەوە دەکات لە پشتیەوە ڕووبەرێکی دیکەی جیاواز و تایبەت لەم واقیعە هەیە و ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێت، بە چاوێکی جیاواز لەم ڕووبەرە بڕوانین، کە خاوەنی تایبەتمەندێتیی خۆیەتی. ناونیشان بەشێکی دانەبڕاوە لە زەمەنی خوێندنەوە، بەوەی بەردەوام لە یادەوەریماندا ئامادەیە، وەک بڵێی ئامانجی خوێندنەوە تەواوکردنی وێنەی ڕاستەقینەی ئەوبێت))(عەلی، ٢٠٠٩، ل: ١٤٩). واتە: ناونیشان ئاماژە بەوە دەدات، کە لە پشتییەوە زەمینێکی جیاواز هەیە و وەرگر ناچار دەکات هەڵوەستەی لەسەر بکات. ئەوە ناونیشانە جڵەوی حەزی خوێنەر بە دەقەوە دەبەستێتەوە و یارمەتی دەدات، تاوەکو لە پانتایی دەقدا بەدوای ماناکاندا بگەڕێت. هاوکات ئاماژە و هێماکان ببینێتەوە، کە دەق بە ناونیشانەوە گرێدەدات. ئەم کردارەش لەلایەک خوێنەر هاندەدات بە قوڵاییەکانی دەقدا ڕۆبچێت. لەلایەکی دیکەشەوە کردەی دەستخستنی ماناکان و کردنەوەی کۆدەکان چێژ بە وەرگر دەگەیەنێت و هەستی ئیستاتیکی دەبزوێنێت.

## ٢. شێوازی ناونیشان (ناونان) لە ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور)دا:

ئەم تەوەرەی توێژینەوەکە تایبەتە بە شێوازی ناونیشانی ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور)، یاخود هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی ڕۆمانەکانی بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ڕۆماننووس بە هۆشیارییەوە چەند ناونیشانێکی جیاوازی هەڵبژاردووە، کە هەڵگری مەدلوولی قووڵ و پێویستییان بە پرۆسەی خوێندنەوەی جدیی هەیە. بۆ پەیبردن بەنهێنییەکانیان. واتە ڕۆماننووس بەبێ تێڕامان ناونیشانەکانی بەو جوگرافیا سەرنج ڕاکێش و هەستیارەی ڕۆمانەکانی نەبەخشیووە. بۆیە ناکرێت بە سادەیی لێیان بڕوانرێت. لە ئەنجامی خوێندنەوە و تێڕامان لەم ناونیشانانە کۆمەڵێک بۆچوونمان لە سەر سەرجەم ناونیشانی

ڕۆمانەکـــان لەلا گەڵاڵە بـــوو، کە دەتـــوانین لەم چەنـــد خـــاڵەی خـــوارەوەدا بیانخەینەڕوو:

١. بەکارهێنـانی وشـەی بێگـانە بـۆ ناونیشـانەکان. وەکـو (کـازینۆ)، (نـانی)، (کەناڵ)، (ڕیبەن).

٢. سـوود وەرگـرتن لە ڕەنگەکـان بـۆ ناونیشـان. وەکـو ڕۆمـانی(ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش).

٣. هەندێک لە ناوی ڕۆمانەکان ئاماژەن بۆ نـاوی شـوێن. وەکـو (کـازینۆی منداڵان)، (ماڵی نانی)، (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان).

٤. هەندێک ناونیشان کۆکەرەوەی هەردوو ڕەگەزی کەسـایەتی و شـوێنن. وەکو ڕۆمانەکانی (ماڵی نانی)، (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان).

٥. نـاوی ڕۆمـانی (سـوارەکان بە قاچـاغ بووکیـان گواسـتەوە)، ئەگەرچـی ناونیشـانێکی درێـژە، هاوکـات لە ڕسـتەیەکی هەواڵـی تەواودا خـۆی بەرجەسـتە دەکات.

(سـوارەکان بە قاچـاغ بووکیـان گواسـتەوە) ناونیشـانی ڕۆمـانێکی (کـاروان کاکەســـوور)ە، کە بە هاوبەشـــی لەگەڵ (دواڕۆژ)ی کوڕیـــدا نووســـیوویانە. هەرچەندە ئەم ناونیشانە وەک ناونیشانێکی درێژ بەر دیدەی خوێنەر دەکەوێت، کە لە شـێوەی ڕسـتەیەکی تەواو و واتـا بەخشـدا خـۆی دەنوێنێت. کە پێگەیەکـی بەرچـــاوی لە جوگرافیـــای بەرگەکەدا بـــۆ خـــۆی بـــردووە. هەر بـــۆیە وەک ناونیشانێکی ئاسایی خۆی بە دەسـتەوە نـادات. هەروەهـا شـیاوە بوترێـت، کە لە ئەنجـامی تێڕوانینێکـی ورد لە ناونیشـانەکە خـوێنەر دەتوانێـت وەک تـابلۆیەک لە هـزری خۆیـدا وێنـای بکـات، کە وێنەکێشـێکی کـارامە نەخشـاندبێتی. بـۆیە فـرە مەدلوولی ناونیشانی ڕۆمانەکە، شایانی ئەوەیە کۆدە شاراوەکانی بدۆزرێتەوە و وەرگر لە ئاماژەکانی بگات. واتە ئەگەر لە ئاستی دیـار و ئاشـکرای ناونیشـانەکە بـــڕوانین، ڕاســـتەوخۆ تێڕامـــانی خـــوێنەر بـــۆ قەدەری نەتەوەیەک دەبـــات، کە

شادییەکانیشـی لە شـێوەی شـیندا دەگێڕێـت. چـونکە بـووک گواسـتنەوە، وەک پرۆسـەیەک، چ لە ڕوانـگەی ئـاین و یاسـاوە چ لە ڕووە کـۆمەڵایەتییەکەیەوە، بە فەرمـی ئەنجـام دەدرێـت و پێویسـتی بە شـاردنەوە و پەردە پۆشـکردن نیـیە. ((شایيەکەی لە پرسەی قاچاغ دەچوو.. نە دەنگێک نە چرپەیەک.. نە گۆرانی و نە هەلهەلە.. نە هەڵپەڕکێ و نەسەما.. بەڵێ، ڕێک وەکو پرسـەی قاچـاغی پێشـمەرگە لە ناو شاردا..)) (سـوارەکان بە قاچـاغ بووکیـان گواسـتەوە، ٢٠٠٩، ل: ٦٦). ئـاخر ئەمە چارەنووسـی خۆشـترین ڕۆژی ژیـانی (دڵخـواز)ە، کە کەسـایەتییەکی نێـو ڕۆمـانەکەیە و دەسـتگیرانەکەی لە شـاخ پێشـمەرگەیە. بەڵام دەبێـت بە قاچـاغ بگوێزرێتەوە. ئەمەش دەرئەنجامی ژیانی تاکەکانی نەتەوەی کـورد بـووە، لەژێر دەستی ستەمی ڕژێمی بەعسدا، کە هیچ سنوور و جیاوازییەکی لە نێوان شین و شـادیدا نەهێشـتبوو. هەردووکیـان بە قاچـاغی و بە بێ دەنگی بەڕێوەدەچـوون، چونکە ئەو ڕژێمە تەنیا لە بەخشینەوەی مەرگدا دادپەروەر بوو. کەواتە شێوازی هەڵبژاردنـی ئەم ناونیشـانە لەلایەن (کـاروان و دوارۆژ)ەوە. کۆمەڵێـک پرسـیار هەڵدەگرێت. کە پێویسـتی بە شـۆڕبوونەوە بۆ نێـو دەلالەتە شـاراوەکانی دەقـی ڕۆمانەکە هەیە. واتە ئەم ناونیشانە بە سانایی ناوەرۆک بە دەستەوە نادات، هەر بـۆیە (ناونیشـانی دەقێکـی ئەدەبیـی داهێـنەرانە، بـۆ نمـوونە ناونیشـانی شـیعر و چیـرۆک و ڕۆمـان مانـایەکی مەجازی لەخۆدەگرێت، کە گەنجینەیەک لە مانـای وشەکان دروست دەکات، کە بۆی هەیە وەک هێمـا و مەجـاز و تەوریەش مانـا ببەخشێت..) (ئەسوەد، ٢٠٠٦، ل: ٧٥). ئاستی قوڵی ناونیشـانەکەش، پەیوەسـتە بە هۆشـــیاری هەر دوو ڕۆماننووســـەوە، کە مەبەســـتیان تەوزیفکردنـــی فکـــر و مەعریفەیەک بووە، کە لە دوو توێیدا واقیعی کۆمەڵگەی کوردی پێ بخـوێننەوە. بەمانـایەکی تـر خسـتنە ژێـر پرسـیاری واقیعـی کۆمەڵگەی کـوردییە، چـونکە (بە قاچـاغ گواسـتنەوەی بـووک تەنهـا لە سـنووری واقیعـدا نیـیە. بەڵکـو بە قاچـاغ ڕۆیشتنە بەرەو دنیای خەیاڵ ... دیارە ئەدەب لای (کاروان) ئەو ڕێگا قاچاغەیە، کە دەبێت پێیدا تێپەڕین و لە سنووری واقیـع دوور بکەوینەوە. تـا لە سـنووری واقیعیش هەڵنەیەین، ئەوا نـاتوانین بیخـوێنینەوە)) (سـوارەکان بە قاچـاغ بووکیـان گواستەوە، ٢٠١١، ل: ٩). ئەم ڕۆمـانە وێنـاکردنی دونیـایەکی خەیـاڵییە لە جێگەی

واقیعدا. هاوکات خستنە ژێر پرسیاری کۆمەڵێک پیرۆزین لە کۆمەڵگەدا، کە دەیانەوێت وێنەکان لای تاکی کورد پێچەوانە بکەنەوە و مەودای بیرکردنەوەی سنووربەند بکەن. ئەمەش لە کاتێکدایە کە زۆرجار شۆڕگێڕێک وەک ناپاک و ناپاکێک وەک فریادڕەس وێنا دەکات. لەم ڕۆمانەیاندا (کاروان و دواڕۆژ) پەیامێک بە بەرگوێی کۆمەڵگەی کوریدا دەدەن، کە دەکرێت لە ڕێگەی ئەندێشەوە هەوڵی خوێندنەوەی واقیع بدرێت. لە ئەدەبیشدا خەیاڵ ئازادانە سنوور و بەربەستەکان دەبەزێنێت و هزری خوێنەر وەئاگا دێنێتەوە. واتە: (کاروان و دواڕۆژ) پێمان دەڵێن با واقیع وەک ئەوەی هەیە نەبینین، بەڵکو وەک ئەوەی بۆ ژیان شیاوە وێنای بکەین.

(کاروان کاکەسوور) شێوازێکی تایبەتی لە هەڵبژاردنی ناونیشانی ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)دا پەیڕەوکردووە. یەکێک لەو خەسڵەتانەی پێویستە لە ناونیشانی چیرۆک و ڕۆماندا هەبێت، ئەو ئەرکانەیە، کە پێویستە ناونیشانی هەر دەقێک لە دووتوێی خۆیدا هەڵی بگرێت و بە هۆیەوە بە خوێنەر بگات. واتا ئەگەر بکرێت ئەرکەکانی ناونیشان بەم شێوەیە پۆلێنبکەین، کە ((وەزیفەی یەکەمی ناونیشان گەیاندنە. وەزیفەی دووەمی ئیستاتیکی و جوانکارییە. وەزیفەی سێیەمی فیکرییە)) (سدیق، ٢٠١٢، ل: ٧٨). ئەوا لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بگوترێت کە (کاروان کاکەسوور) لە ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)دا، لەو ڕیزبەندییە لایداوە. واتە لەپلەی یەکەمدا، گرنگی بە پەیامە فیکرییەکەی ناونیشان داوە. دواتریش پەیامی ئیستاتیکی و لە کۆتاییشدا پەیامی گەیاندن. ئەمەش لەو ڕووەوە کە (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) وەک ناونیشانێک هەڵگریی کۆمەڵێک پرسیارە, دەربارەی بوون و ماهییەتی مرۆڤ. واتە ڕۆماننووس لە ڕێگەی گومانەوە، بوونی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەی دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بەڕادەیەک (هەر لە دەسپێکی ڕۆمانەکەدا زۆر بە تۆخی و خەستی هەست بە بوونی گومانێکی قووڵ دەکەین، کە ڕۆماننووس لە یەکەم لاپەڕەدا بە گومان دەست پێدەکات، لە ڕێگەی (ئامانج) کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە ئەم کارە ئەنجام دەدات، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ سەرەتاکانی دروستبوونی مرۆڤ) (فەتاح، ٢٠١٢، ل: ١٤٨). واتە (ئامانج) کە یەکێکە لە

کەسـایەتییە سـەرەکییەکانی نێـو ڕۆمـانەکە دوای ئەوەی لە ژیانـدا بە کۆمەڵێک ئەزموونـدا تێـدەپەڕێت، کە سـەر لەبەریـان ئەنجـامەکەی  شکسـت و دۆڕانە و ناتوانێـت کەسـایەتی خـۆی بـدۆزێتەوە و هەمیشـە وەک کەسـێکی شـوێنکەوتە دەردەکەوێـت، بەو هۆیەشـەوە ناتوانێـت سـەربەخۆیی خـۆی بپارێزێـت، دوانەی (ترس و شەرم) تەواوی ژیانی (ئامانج)یان شەتەک داوە. ناتوانێت بە ئاسانی ئەو حاڵەتی (تـرس و شـەرم)ە، لە نـاخی بکـاتە دەرەوە. بۆیە (ئامـانج) دەڵێـت: ((مـن لەمــڕۆوە مەیمــوونەکەی جــارانم، کە لە قەراغــی شــار بەتەنەکەی ژەنگــاوی کووخێکم بۆ خـۆم کردبوو... هەر ئەوەم و بۆ خۆتـان هەر وەکو ئەوسـایش بە مەیموون بانگم بکەن... چەکەکەیشم فڕێ دا...نـا، فڕێم نەدا... ئەگەرچـی دەبـووایە فڕێی بدەم، بەڵام وام نەکرد... بە کراسێک و پانتەڵۆنێکی جینز، لەگەڵ یەکێک لە قاچاغچییەکانی ئەو(سنوورە!)گۆڕیمەوە)) (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، ٢٠١٢، ل: ٧). لێرەوە (ئامانج) کاتێک ناتوانێت لە ڕووبەڕووبوونەوەکانیدا، لەگەڵ ئەوانـی تردا پارێزگـاری لە بـوونی خـۆی بکـات، بـۆ ئەوەی نەبێتە پەراوێز... بە ناچـاری دەیەوێـت لە سـەرەتاوە دەسـت پێبکـاتەوە. بـۆ ئەوەی لەلایەک کەسـایەتی خـۆی بونیـاد بنێتەوە و لە لایەکی دیکە ئەو ئاسـوودەییە بـۆ خـۆی فەراهەم بکـات، کە لەدەستیداوە. واتە ڕۆماننووس لێرەدا تەوزیفی تیۆرەکەی داروینـی کـردووە، کە بە تیـۆری (گەشـەکردنی جـۆرەکـان) ناسـراوە، کە پێیـوایە مـرۆڤ ((لە سـەرەتادا مەیمـوون بـووە و دواتـر قۆنـاغ بە قۆنـاغ و بە پێـی تێپەڕینـی کـات بـووە بەم مـرۆڤەی ئێسـتا)) (فەتـاح، ٢٠١٢، ل: ١٤٨). لەم دیمەنەدا، کە (ئامـانج) خـۆی وەک مەیموونێک وێنا دەکات. دەشـێت هـزری خـوێنەر بەرە و دوو پرسـیار ئاراسـتە بکات. کە ئایا مەبەستی لە مەیموون بوون، ئەوەیە کە کەسانێک بەپێی ویسـت و ئیـرادەی خـۆیـان هەڵیدەسـوڕێنن؟ وەک مەیموونەکـانی گەمەی سـێرک. یـاخود بەپێی تیۆرەکەی (داروین) گەڕانەوەیە بۆ قۆنـاغی مەیمـوون بـوون؟ بە هەردوو بـارەکەدا ئەو دان بەوەدا دەنێـت، کە (مەیمـوون)ە، مەیموونێـک، کە دەیەوێـت لە سـەرەتاوە دەست پێبکاتەوە. قۆناغەکانی گەشـەکردنی سـەر لەنوێ ببڕێت. هەر بۆیە بڕیار دەدات کە خۆی لە (چەک)ەکەی شانیشی ڕزگار بکات. بەو هیوایەی لە ڕێـگەی فڕێـدانی چەکەکەیەوە ئـارامی بـۆ بگەڕێـتەوە، ئەگەرچـی (چەک)یـش

لێرەدا، تەنها ئاماژە نییە بۆ ئەو کەرەستانەی کە باروت دەتەقێنن. بەڵکو هێمایەکە و دەشێت، مەبەست لێی بیروباوەڕ و هەموو ئەو کۆت و پێوەندانەی ناو خێزان و کۆمەڵگە بێت کە (ئامانج)یان، وەک مرۆڤێکی بێ ئیرادە پەروەردە کردووە. واتە ئەگەر (کەناڵ) ڕۆڵی ئەو ڕایەڵە ببینێت. کە مرۆڤ و چەک پێکبگەیەنێت, ئەوا (ئامانج) مەبەستیەتی بە گەڕانەوە بۆ قۆناغی سەرەتا، ئەو ڕایەڵە بپسێنێت. بەم پێیەش مرۆڤ و چەک لێکدی دابڕێت. واتە ناونیشانی ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان) شێوازێکی تایبەتی لەخۆگرتووە. کە پەیوەستە بە جیهانبینیی (کاروان کاکەسوور)ەوە، کە هەوڵدەدات بەشێوەیەکی فانتازی و لە ڕێگەی خولقاندنی دەقێکی ئیستاتیکییەوە، لە خەوی قووڵی دڵنیاییدا بە ئاگامان بێنێتەوە. واتە پێمان دەڵێت، بۆ ئەوەی بە دڵنیایی و ئارامی بگەین، پێویستە بە کەناڵی گوماندا تێپەڕین.

(کازینۆی منداڵان) بریتییە لە ناونیشانی ڕۆمانێکی دیکەی (کاروان کاکەسوور). کە لە دوو وشە پێکهاتووە. (کازینۆ) کە وشەیەکی بیانییە، بەڵام واتاکەی بەپێی سروشتی کۆمەڵگە و کلتوورەکان دەگۆڕێت. بۆیە واتاکەی لای کورد زۆرجار شوێنێکی وەک چایخانە دەگرێتەوە. کە بریتییە لە شوێنێک بۆ دانیشتن و بەیەکگەیشتنی هاوڕێیان. کەواتە لە هەموو بارەکاندا (کازینۆ) ئاماژەیە بۆ شوێن. وشەی (منداڵان)یش، وەکو دالێکی فرە مەدلوول خۆی دەنوێنێت. کە دەشێت گەڕانەوە بۆ دنیای منداڵی یاخود گەڕانەوە بۆ سەر لەنوێ دەست پێکردنەوەی تەمەن بێت. واتە بەزاندنی هەموو ئەو کۆتانەیە، کە مرۆڤ بەپێی چەند پێوەرێکی جەستەیی، دەروونی، هزری و تەمەن پۆلێندەکەن بۆ منداڵ، هەرزەکار، لاو و پیر. لەم ڕوانگەیەوە (کاروان کاکەسوور) دەیەوێت لە ڕێگەی دروستکردنی دژایەتییەکەوە لە نێوان ناونیشان، کە (کازینۆی منداڵان)ە، و لە دەسپێکی ڕۆمانەکەدا خوێنەر لە چاوەڕوانی و تێڕاماندا ڕابگرێت. واتە لە نێوان ناونیشان و دەستپێکدا، خوێنەر هەست بەو هێما و ئاماژانە دەکات، کە دەقەکە لەخۆیگرتووە:

((بەردەوام دەستی چرچ و لەرزۆکی لەو ئوتۆمۆبیلانە ڕادەگرت،.... دەیپرسی:ـ دەتوانیت بمگەیەنیتە لای کازینۆی منداڵان...؟!)) (کازینۆی منداڵان، ٢٠١٣، ل: ٩).

ئەمە دەستپێکی ڕۆمانەکەیە و وێنەی دیمەنی کەسایەتییەکی پیری لاواز بە خوێنەر دەگەیەنێت، کە ناوی (مامۆستا سوهاد)ە. واتە: (کاروان کاکەسوور) ئەو دژایەتییە لە نێوان دوانەی (منداڵی و پیری)دا بەرجەستە دەکات. بۆیە نەک هەر وەک ڕۆماننووسێک، بەڵکو وەک بیریارێکیش بە قووڵی ڕەهەندەکانی دوانەی (منداڵی و پیری) و ئەو ڕایەڵانەی کە پێکیان دەگەیەنێت یاخود لێکیان دادەبڕێت, وەک چەمکێکی فکریی بەرباس داوە هەر خۆشی (کاروان کاکەسوور) لە وەڵامی پرسیارێکدا، دەربارەی ناونیشان دەڵێت: ((ناونیشان ئەوەندەی پەیوەندی بە دنیا بیستنەوە هەیە، دوو ئەوەندەش بە دنیای بینینەوە)) (جەمال، ٢٠٠٧، ل: ٦٧). کاتێک وەرگر ناونیشانی (کازینۆی منداڵان) دەبیستێت. پاشان لەگەڵ پرۆسەی خوێندنەوەدا بە نێو ڕووداوەکانیدا ڕۆدەچێت، ئەوا هەست بەو لوغزە دەکات، کە لە نێو ناونیشاندا پەنهان کراوە. واتە ((کازینۆی منداڵان ئەزمونێکە خوێنەر دەگەیەنێتە سنوورەکانی بوون و کۆتاییەکانی وەهم، خاڵی زاڵبوونی عەقڵە بەسەر مەسەلە ئەخلاقی و مەعنەوییەکان، خۆ فرێدانی خوێنەرە بۆ نێو ئاگایی نووسەرەکەی و دوورکەوتنەوە لە پەرجوی ڕۆژانە، شتێکە بە قەبارە بچوکە و بەهایەکی چڕی هەیە)) (باجەلان، ٢٠١٣، ل: ٢٢). ئەو پرسیارەی ڕۆماننووس لە ڕێگەی ناونیشانی (کازینۆی منداڵان)ەوە، دەیەوێت بە خوێنەری بگەیەنێت، پرسیارە لە بوون، لە بوونی مرۆڤەکان بە گشتی. ئەو پرسیارە وجودییانەیە، کە بوون دەخەنە ژێر پرسیارەوە. ئایا دەکرێت لە ڕێگەی شوێنەوە، زەمەن بگێڕینەوە؟! یاخود لە ئێستادا و لە ڕێگەی (زەمەن)ەوە، بۆ ئەو شوێنانە بگەڕێینەوە، کە وامان لێ بکات هەست بە بوونی خۆمان بکەین؟ ئایا مرۆڤ لە کام (شوێن و زەمەن)دا هەست بە ئارامی دەکات؟ (کاروان کاکەسوور) بە دیدێکی مەعریفیی قووڵەوە پرسی بوونی مرۆڤ بە دەر لە چەمکە هەست پێکراوەکانی (کات و شوێن) لە (کازینۆی منداڵان)دا دەوروژێنێت. واتە لەم ڕۆمانەدا چەمکی زەمەن بە هەموو ڕەهەندەکانی (ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو)ەوە،

بەشـێوەیەکی فانتـازی تەوزیفکـراوە, هەنـدێک لە کەسـایەتییەکان توونـد توونـد دەستیان بە ڕابردووەوە گرتووە، هەندێکیان تەنها بە ئەندێشـەکانی داهـاتووەوە دەژیـن. هەر بـۆیە کەسـایەتییەکان لە نێـوان ڕابـردوو و داهـاتوودا ونبـوون. بەڕادەیەک، کە ئێسـتای ژیانیـان بـووەتە وەهـم و هـیچ مانـایەکی نەمـاوە. واتە ناکرێت ساتەکانی زەمەن لێکبترازێنرێن. (کازینۆی مندالان) ناونیشـانێکی هێما ئامێزە، دەیەوێت خوێنەر لە ڕێگەی کردنەوەی کۆدەکانییەوە. پەی بە ڕۆڵی زمان ببات، کە خاوەنی چ توانایەکی سەرسوڕهێنەرە و دەتوانێت گەشتێکی پڕ تەلیسم بە مرۆڤەکـــان بکـــات. هەر بـــۆیە ئەو شـــوێنەی دەبێـــتە مەیـــدانی بەیەکترشادبوونەوەی، هەر دوو کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە، کە وەکو برا لە یەکتریی دەڕوانن و بریتین لە (مامۆستا سوهاد و وریا) کە لە دوای ساڵانێکی زۆری دابڕان لە یەکتریی لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا بە دیداری یەکتر دەگەنەوە. دەبێـتە شـوێنێکی پـڕ تەلیسـم و فانتـازی لای وەرگـر، چـونکە لە گۆشـەنیگای (مامۆستا سوهاد)ەوە، ئەو شوێنە جاران ناویی (کازینۆی مندالان) بووە، بەڵام لە گۆشـەنیگای (وریـا)وە، ئەو شـوێنە جـاران تەنیـا گـۆمێکی ئـاو بـووە. کەواتە کاریگەریی شوێن لە سەر زەین و دەروونی مرۆڤ، بە شێوازی جیاواز بەرەو ڕابردووی دەگێڕێتەوە.

ڕۆمـانی (مـاڵی نـانی) ناونیشـانی ڕۆمـانێکی دیکەی (کـاروان کاکەسـوور)ە، ناونیشانەکە لە دوو وشە پێکهاتووە. (ماڵ) کە ئاماژەیە بۆ شوێن، هەروەها (نانی ـ Nanny) کە وشـەیەکی بیـانییە و بە واتـای (دایەن) دێـت، لە هەمـان کاتـدا نازناوی یەکێک لە کەسایەتییە سەرەکیەکانی نێو ڕۆمـانەکەیە، واتە ناونیشـانەکە پێکهاتەیەکە لە (شوێن و ناوی کەسایەتی). بەم پێیەش دەکرێت بگوترێت (مـاڵی نانی)، لوتکەی درامای ڕۆمـانەکەی لەخۆگرتـووە. یـاخود سـەنتەری پێکگەیاندنی سـەرجەم ڕەگەزەکـانی دیکەی نێو ڕۆمـانەکەیە. ڕۆمـاننووس لە ڕۆمـانی (مـاڵی نـانی)دا ئەو هێمـا ئـامێزییەی، کە مەبەسـتی بـووە, لە ڕێـگەی ناونیشـانەکەوە ئامانجی خۆی پێ پێکاوە، چونکە کاتێک وەرگر تەتەڵەی ناونیشـانەکە لە هزری خۆیدا دەکات، لە ئەنجامدا کۆمەڵێک پرسـیاری لێ بەرهەمدێنێت. ئایا بـۆ مـاڵی نـــانی؟ ئەدی نـــانی کێـــیە؟ ئەو ڕووداوانە چـــین لە مـــاڵی نانیـــدا ڕوو دەدەن؟

دەستکەوتنی وەڵامی ئەم پرسە نادیارانە، خوێنەر کەمەندکێشی نێو دنیای ڕۆمانەکە دەکات. کەواتە (ماڵی نانی) هەڵگری ئاماژەکانی تیمەی ڕۆمانەکەیە. لەو ڕوانگەیەوە، چ نانی وەکو کەسایەتییەکی سەرەکی و چ ماڵە جیاوازەکەی وەکو شوێن گوتاریی ڕۆمانەکە بە خوێنەر دەگەیەنن. (کاروان کاکەسوور) لە هەڵبژاردنی ناونیشانەکەدا دوو وشەی پێکەوە گونجاندووە، کە هەم سادە و ڕەوانن، هەم لەڕووی دەربڕینەوە وەک دوو وشەی سەرواداری بە ئیقاع بەر گوێی وەرگر دەکەون. ئەگەر لەڕوانگەی واتا ئاشکراکانی ناونیشانەوە سەرنج بدەین، ئەوا (ماڵی نانی) هەمان چەمکی ماڵی تەقلیدی ناگەیەنێت، چونکە (ماڵی نانی) ماڵێکی ئاسایی نییە، یاخود شوێنێک نییە لەو شوێنە ئاساییانەی، کە وەرگر تێیدا پێی ڕاهاتووە و تێیدا دەژی. بەڵکو ماڵێکە تەواو جیاواز. (ماڵێکی سەیرە...!!). ئەگەر ئێمە وا لە ماڵ بڕوانین کە پێگەی کۆبوونەوەی خێزانە، ئەوا دەکرێت بگوترێت کە ماڵی نانی تەواو پێچەوانەی ئەو جۆرە ماڵەیە کە خوێنەر لە هزری خۆیدا وێنای کردووە. (ماڵی نانی) ئەو ماڵەیە کە هەمیشە پڕە لە جوڵە، گۆڕانکارییەکان زۆر بەخێرایی ڕوودەدەن، لە پڕ کەسانێک لەو ماڵە ونەبن یاخود سەری خۆیان هەڵدەگرن، بەبێ ئەوەی سۆراغێکیان هەبێت. لە (ماڵی نانی) دا کوشتن تارماییەکە و یەخەی چەند ئەندامێکی ئەو خێزانە دەگرێت.... ئەوەی لە (ماڵی نانی)دا دەبینرێت، ئەوەیە کە وەستان نییە، ژمارەی ئەندامانی خێزان ساتێک زیاد دەکات و ساتێک کەم. لە (ماڵی نانی)دا ژیان بە جۆرێکی تر دەگوزەرێت. هاوسەرگیری و لێکدابڕان لە (ماڵی نانی)دا بێ بەرنامە و بێ پلان ئەنجام دەدرێت.

ئەگەر فراوانتر لە مەدلوول و چەمکی ماڵ بڕوانین، ئەوا دەکرێت ماڵ لە سێ چەمکی جیاوازدا شیبکەینەوە، لێرەدا ماڵ لە چەمکە تەسکە سنووردارکەی دەردەچێت. واتە ماڵ بە مانا دەلالی و سیمبولییەکەی دەبێتە جێگەی تێڕامان و قوڵبوونەوە، چونکە جۆری یەکەمی چەمکی ماڵ ((بە مانای خودی (گەردوون) دێت... ئەم گەردوونە چەندە گەورەیە، چەندە بێ ئەندازە فراوانە، هەر لە سەرەتا و ساتەوەختی لەدایکبوونی ئینسانەوە، ئیدی ئەم گەردوونە بۆ خۆی دەبێتە ماڵێکی گەورە، کۆشی دایکی ئەو ئینسانەش بە منداڵی، ماڵێکی بچووکە، لەمەوە

ئینسان هەر لە چرکە ساتی لەدایکبوونییەوە دوو ماڵی هەیە، یەکەم (گەردوون) و دووەم (کۆشی دایک) ی)) (شاهین، ٢٠١٢، ل: ٧٦). (ماڵی نانی) هەندێک لەم خەسڵەتە گەردوونییەی چەمکی ماڵی لەخۆگرتووە. جۆری دووەمی چەمکی ماڵ بریتییە لە ((نیشتمان، یان سەر زەمینێک ئێمە لە سەری پەروردە دەبین)) (شاهین، ٢٠١٢، ل: ٧٧). ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە و دەمانەوێت نەگوتراوەکانی پشت ناونیشانی (ماڵی نانی) پێ لیکبدەینەوە و مانا شاراوەکانی ئاشکرا بکەین، ماڵە گەورەکەیە، کە نیشتمانە....!!. واتە گەورەکردنی ماڵ و وێناکردنیەتی لە نیشتماندا. بەپێی ئەم چەمکەی ماڵ بێت (ماڵی نانی) ئاماژە بۆ ماڵە گەورەکە دەکات، کە (کوردستان)ە. کە ئیتر چیدیکە ڕەنگە ئەم ماڵە گەورەیە بەرگەی ئەو هەموو کۆست و ناسۆر و ئازار و دابڕان و مەرگە نەگرێت. بۆیە (کاروان کاکەسوور) دەیەوێت لە (ماڵی نانی)دا پێمان بڵێت، ئەگەر ئەو نائارامی و دابڕان و تووڕەبوونە بەردەوام بێت، ئەگەر کوڕ و باوک دەست لە خوێنی یەک هەڵنەگرن، ئەگەر خۆشەویستی نەگەڕێتەوە نێو ماڵە گەورەکە. ژیان کردن گەلێک زەحمەت دەبێت. بۆ ئەوەی تام و بۆنی ژیان بۆ نێو ماڵە گەورەکە بگەڕێنینەوە، ئەوا پێویستە خۆشەویستی و گیانی پێکەوە ژیان و بیرکردنەوە لە بوون. ببێتە هەوێنی پێکەوە ژیان. ئەوەتا گێڕەرەوە لە زاری (ڕازە) کە یەکێکە لە کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکە دەیەوێت ئەم پەیامە بگەیەنێتە وەرگر ((بەپێی ئەو ئەزموونەی هەیەتی زۆر لە وانەی زمانیان نییە، یان گرفتی گەورەیان لەگەڵ دەربڕیندا هەیە، بە شێوەی سەیر هۆگری چەکو تەقەمەنین... هەندێکیان نیشانەیان بە ڕادەیەک ڕاستە، لە ئاستیاندا دەحەپەسێت... گەیشتووەتە ئەوەی بڵێت مرۆڤ پێش ئەوەی زمان بگرێت، چەکی بەکارهێناوە)) (ماڵی نانی، ٢٠١٤، ل: ٣١٩). گرفتە گەورەکە (چەکەکانن) ئەمانەن مرۆڤیان لە گۆکردن خستووە. (کاروان کاکەسوور) دەیەوێت پێمان بڵێت، تا چەکەکان ڕاستییەکان بکەنە ئامانج، زمان ناتوانێت بە ڕاستی و هەقیقەتەکان بگات و بیانپێکێت. بۆیە ئەگەر زمان و خۆشەویستی لەم ماڵە گەورەیەی، کە (کوردستان)ە، پێکەوە ئاشت نەکەینەوە، بەرەو نادیار مل دەنێین. ئەوا بۆ یەک سەدە دەچێت زمانی چەکەکان لەم نیشتمانە و دەوروبەریدا بێدەنگ نابن. هەر بۆیەش لە بەرانبەردا (زمانەکان)

خەریکە وەزیفەی سەرەکی خۆیان لە یاد دەکەن. واتە گوتاری ناونیشانەکە، بریتییە: لە دەست بەردار نەبوون لە ماڵ. بۆ ئەوەی ئێمە بێ ماڵ و بێ ژیان نەبین. ئەوا پێویستیمان بە بیناکردنی جۆری سێیەمە لە ماڵ ((کە (عیشق)ە، کاتێک مرۆڤ وەکو کائینێک لە نیشتمانێکدایە و لەگەڵ هاوزمانەکانی خۆیدا ژیان دەگوزەرێنیت... بەڵام غیابێکی گەورەی ڕۆحی لەو ئینسانەدا هەیە، غیابێک کە تەنها بە خودی(رۆح)ە کە پڕ دەبێتەوە و لە بە تاڵی و بۆشی دەردەچێت، ئەویش (عیشق)ە))(شاهین، ٢٠١٢، ل: ٧٧ ـ ٧٨). واتە بۆ ئەوەی لە ماڵێکی ئارام دا بژین، پێویستمان بە گەشتی ڕۆحی هەیە. چونکە نەهامەتی و ئازار و بەربەستەکانی ژیان خەریکە لە ماهیەتی ئینسان بوون دەمانسڕێتەوە. لێرەوە پێویستە هانا بۆ (عیشق) بەرین. ئەوە (عیشق) ە، ناهێڵێت ماڵی دڵمان ببێتە کەلاوە. هەر عیشقە دەتوانێت بە ماڵێکی ئاراممان بگەیەنێت. واتە ئەو ماڵەی (عیشق) ئاوەدانی بکاتەوە و بە سۆزی عیشق بینا کرابێت. ماڵێکی تۆکمەی لێ دەردەچێت. لەم ڕوانگە فکرییەوە ناونیشانی (ماڵی نانی) فێرمان دەکات، بە دوای ماڵێکدا بگەڕێین، کە (جەستە و ڕۆح) مان بگرێتە خۆی. واتە: ماڵێک بێت ژیانمان پێ ببەخشێت نەک ژیانمان لێ زەوتبکات.

(ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش) ناونیشانی ڕۆمانێکی تری (کاروان کاکەسوور)ە، ئەگەرچی ناونیشانێکی تاڕادەیەک درێژە. بەڵام وشەکانی، چونکە بە جۆرێکی گونجاو لەتەک یەکدا ڕیزکراون و سیاقێکی مۆسیقی جوانی وێناکردووە لە ڕێگەی پەیوەستکردنی ڕێبەن لەگەڵ ملپێچدا، ئەمە سەرەڕای ئەو مۆسیقا دەنگییە چەسپاوەی کە لە هزریی خوێنەردا بۆ (ڕەنگ) هەیە، کە (سوور و ڕەشیش)ی لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە، هەروەکو لە کۆکردنەوەی هەر ڕەنگێکی دیکەشدا هەیە، وەکو سوور و سپی، زەرد و سوور و .... تاد. بەم پێیەش خوێنەر هەست بە قەرەباڵغی وشەکان ناکات. واتە: توانیویەتی پارێزگاری لە بەهای ئیستاتیکیی ناونیشانی ڕۆمانەکە بکات. جگە لەوەش، ناونیشانەکە ڕەنگدانەوەی چەقی ڕووداوە سەرەکی و هەستیارەکانی ڕۆمانەکەی لە خۆگرتووە. بەوەی هەر دوو ڕەنگی (سوور و ڕەش)ی هێما ئامێزانە بەکارخستووە. کە دەشێت هەریەک لەو ڕەنگانە وەک دالێک، چەندین مەدلوولی

شاراوەیان لە خۆیاندا حەشار دابێت و وەرگری بەتوانا لە پرۆسەی خوێندنەوەدا پەییان پێببات. ڕەنگی (سوور) هێمایە بۆ نەوەیەک، کە (دایک و باوک) ڕابەرایەتی دەکەن. کە وەک زەمەن و مێژوو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کات و ساتانەی، کە کورد گیانی بەخشیوە و قوربانی داوە. ڕەنگی (ڕەش)یش وەک هێمایەک بەر نەوەیەکی تر کەوتووە، کە (کچ و کوڕ) تێیدا پێشەنگین. واتە ڕەنگی (ڕەش) بۆتە سیمبولی ئەم نەوەیەی کە غەم و نائومێدی و بێ هیوایی و ترس لە ئێستا و لە داهاتووی هزر و جەستەی شەتەک داوە. سەراسیمە ڕاوەستاوە و توانای بڕیاردانی نییە. چاوەڕوانی فریاد ڕەسێکە بە هانایەوە بێت و ڕزگاری بکات. بۆیە زۆر((ناونیشان هەیە زادەی چڕکردنەوەی لووتکەی درامای ڕۆمانەکەیە، یان ئاماژەیە بۆ کۆتاییەکەی))(حەسەن، ٢٠١٠، ل: ١٨). ناونیشانی (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش) زنجیرەی درامی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە. (کاروان کاکەسوور) سەرکەوتووانە ئەو ناونیشانەی هەڵبژاردووە. کە دەکرێت بڵێین وێناکردنی چیرۆکی خێزانێکی کوردە، لە نێوان هەردوو ڕەنگەکەدا. ئەگەر وردتر لەگەڵ وشەکاندا مامەڵەبکەین. دەبینین لە لایەک دوو ڕەنگ (سوور و ڕەش) دەبینین، کە ڕۆماننووس لە نێوان هەموو ڕەنگەکاندا هەڵیبژاردوون. بۆیە ناکرێت لێرەدا ڕاگوزەرانە لەو ڕەنگانە بڕوانین، چونکە ((ڕەنگ جیهانێکی ئاڵۆز و تایبەتە و بەکارهێنانی جۆری ڕەنگەکان لە هەر بوارێکدا بێت پەیوەندی بە لایەنی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژی کۆمەڵگە و تاکەکانییەوە هەیە. بۆیە دەبینین هەر ناوچەیەک، یان هەر وڵاتێک جۆرە ڕەنگێک زیاتر لە وانی تر بەکاردەهێنن، یان دەیکەنە هێما و سیمبولی تایبەتی بۆ بۆنەیەکی دیاریکراو)) (سدیق، ٢٠٠٩، ل: ٢١٧). کەواتە (سوور و ڕەش) ئەو دوو ڕەنگەن، کە لای نەتەوەی کورد هێمای قوربانی و غەمباریی دەگەیەنن. بەم پێیەش ڕەنگی (سوور و ڕەش)، چ لەڕووی پێکهاتەی ڕەنگەوە، چ وەک سیمبولێک بۆ گەیاندنی واتا و مەبەست لە تەک یەکدا تەبا و کۆکن. لەلایەکی تریشەوە (ڕیبەن و ملپێچ) کە هەردووکیان لەمل دەکرێن یاخود لە مل دەبەسترێن. بەڵام جیاوازییەکەیان ئەوەیە (ملپێچ) تایبەتە بە مرۆڤ، لە کاتێکدا (ڕیبەن) وشەیەکی بیانییە و بە واتای ئەو (تەوق، شریت یاخود قردێلە) دێت، کە

له ملی ئاژەڵێکی وەک سەگ دەکرێت. (مامۆستا دلاوەر) کەسایەتییەکی سەرەکی ڕۆمانەکەیە، هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ توتکە سەگێکدا، کە باوکی بۆی دەهێنێت ڕیبەنێک یاخود شریتێکی سووری لە ملە. بێ ئەندازە هۆگری یەکتریی دەبن. بەحکومی ئەوەی کە ماڵیشیان دەکەوێتە شوێنێکی چۆڵەوە. سەگەکە دەبێتە تەنیا هاوڕێی و زۆربەی کات پێکەوەن. بەڵام کاتێک سەگەکە لەدەستدەدات. بڕیار دەدات، کە ئیتر تا تەمەنی ماوە. ڕیبەنی ملی سەگەکەی لە ملی خۆی بکات و بە هیچ جۆرێک لە ملی دانەکەنێت، تەنانەت لە نووستنیشدا. هەروەک گێڕەرەوە لە زاری (ست ویداد) ی هاوسەرییەوە دەڵێت: ((بەو پارچە پەڕۆیەوە لە گۆڕی دەنێن؟!)) (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش، ٢٠١٥، ل: ١٤٤). (ئومێد) کوڕی (ست ویداد و مامۆستا دلاوەر)ە، کوڕێکی سەرکێشە. بەوەی هەمیشە لەگەڵ باوکیدا لە کێشەدایە. هەمیشە داوا لە باوکی دەکات ئەو ڕیبەنەی ملی فڕێبدات. کە بۆتە مایەی کێشە بۆ باوکی و زۆرجار لەسەری دووچاری لێدان و ئازار بۆتەوە، جگە لەوەی ڕۆژانە ڕووبەڕووی پلار و تانە و تەشەری خەڵک دەبێتەوە. بەڵام ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەو هەڵوێستە دژیەکەی (ئومێد)ە، کە لەلایەک لۆمەی باوکی دەکات بەهۆی ڕیبەنە سوورەکەی ملییەوە، لەلایەکی تر خۆی ئەوینداری کچێک بە ناوی (ڤیڤیان) بووە. کە لە سەرتاپای شاردا بەوە ناسراوە، کە کچێکی شوومە و هەموو خێزانەکان هەوڵ دەدەن کە کوڕەکانیان لەو کچە بە دوور بێت، چونکە ئەو کچە ملپێچێکی ڕەش لەمل دەکات. ((بەڵام ئەمسەر و ئەوسەری ملپێچەکە لە شێوەی کونەپەپوو نەخشێنراون. کاتێ بەسەر سنگیدا دەیانهێنێتە خوارێ، وا دەکەونە بەرچاو جووتێ کونەپەپووی زیندوون و لەوێ هەڵنیشتوون، کە ئەو باڵندەیە لای خەڵکی ڕۆژهەڵات بەگشتی و لای خەڵکی ئەم شارە بە تایبەتی شوومە)) (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش، ٢٠١٥، ل: ١٧). (ئومێد) شەیدای ئەو تاقە کچە دەبێت، کە لە ڕووداوێکدا (ڤیڤیان) ملپێچە ڕەشەکەی ملی خۆی بە (ئومێد) دەبەخشێت. بۆیە گێڕەرەوە لەسەر زاری (ست ویداد)ی دایکی (ئومێد)ەوە، دەپرسێت ((جیاوازیی نێوان ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش چییە، ئەگەر هەردووکیان ڕیسوایی بۆ خاوەنیان بهێنن؟)) (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش، ٢٠١٥، ل ١٣٠). لێرەوە (ست

ویداد) بەراوردێک لە نێوان (ڕیبەنی سوور و ملپێچی ڕەش)دا دەکات، بۆیە هیچ جیاوازییەک لە نێوانیاندا نابینێت. ئەوەندە نەبێت، کە هەردووکیان بە سەرچاوەی هێنانی نەهامەتی و ڕیسوایی بۆ خێزانەکەیان دادەنێت. کەواتە: ڕۆماننووس سەرکەوتوو بووە، لەوەی ئەرکی ئیستاتیکی و هێمائامێزی لە ناونیشانەکە باربکات. چونکە ڕۆمانەکە پرسیارە، لە مەحکوم بوونی نەتەوەیەکی، وەک کورد لە نێوان (قوربانیدان و ئازارچەشتن)دا، کە پرسی ئیرادەی نەتەوەیەک دەخاتە ژێر پرسیارەوە، کە بۆچی هەمیشە دەبێت قوربانی گەورە بۆ دەستکەوتی بچووک بدات. ئایا دەکرێت نەتەوەیەک هەمیشە خەریکی قوربانیدان بێت و خوێن لە جەستەی بڕوات؟ ناکرێت بۆ ساتێک بە ئارامی بژی و ئازار و غەمەکانی بە با بکات؟ ئەم ڕۆمانە چیرۆکی تراژیدیای نەتەوەیەکە، کە چ وەک حەزی خۆی و چ وەک سەپاندن بەسەریدا بەردەوام مێژووی پڕ لە کارەساتی دووبارە دەکاتەوە. بەبێ ئەوەی پەند و ئامۆژگاری لەو مێژووە بە خوێن سوورە وەربگرێت. واتە کاتی نەهاتووە نەتەوەیەک بەخۆیدا بچێتەوە و بپرسێت، بۆچی بەردەوام قوربانی بێت؟ یاخود خۆی بکاتە قوربانی شت گەلێک کە دەشێت بە شێوازی تر بۆی فەراهەم بێت. کەواتە (ریبەن و ملپێچ) هێمای زەوتکردنی ئیرادەی نەتەوەیەکە، بەوەی کە لە نێوان (سوور و ڕەش) دا بژی. بۆیە (کاروان کاکەسوور) لە ڕۆمانی (ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا. گوتاری ڕۆمانەکەی ئاراستەی هەموو تاکەکانی کورد دەکات. بەوەی کە پێویستە ئیتر کوردیش تەوقەکانی گەردنی بپسێنێت و گەردنی لێیان ئازاد بکات. تاوەکو سەرکەشانە ببێتە خاوەنی ویست و ئیرادە و هەمیشە قوربانی نەبێت و جگە لە (سوور و ڕەش)یش دەشێت لە دونیای ڕەنگەکاندا خەونەکانی بەڕەنگانێکی تر، کە تام و بۆنی ژیانیان هەڵگرتبێت بنەخشێنێت.

**تەوەرەی دووەم:**

**١.شێوازی ناونانی کەسایەتییەکان لە ڕۆماندا:**

ئەو خەسڵەتە تایبەتەی بۆ تەواوکردنی شووناسی هەر مرۆڤێک لە ژیاندا پێویستە، ناوە. واتە هەر مرۆڤێک پێویستە خاوەنی ناوێکی تایبەت بە خۆی

بێت. بەڵام ئەوەی ناوەکـان جیادەکـاتەوە. یـاخود ناوەکانمـان پێدەناسـێنێت، ئەو تایبەتمەنـدییانەن کە ناوەکـان لە دوو تـوێی مەبەسـتەکانیاندا هەڵیـان گرتـووە. چونکە هەمەجۆری ناوەکان بەپێی سەردەم و کۆمەڵگە و ئەو کاریگەرییانەی، کە ئـاین و بیروبـاوەڕە جیاوازەکـان لەسـەر کۆمەڵگەکـانی جێدەهێڵن، هەلـومەرجی هاتنە ئارای ناوی هەمەجۆر دەرەخسێنن. بەم پێیەش شـێوازی ناونـانی تاکەکان و هەڵبژاردنـی جـۆری ناوەکـانیش گۆڕانیـان بەسـەردا دێت. کەواتە ((نـاو، پـۆلە ڕەگەزێکی فەرهەنگییە، پۆلێنکراوە بۆ چەند گروپێک لەسەر بنەمای سیمانتیکی و سینتاکسـی. یەکێـک لە پۆلەکـانی نـاو بـریتییە لە نـاوی مـرۆڤ، کە بەشـێکە لە کەسـێتی بە هـۆیەوە لە شـتەکانی دی جیـادەکرێتەوە و دەناسـرێتەوە. نـاو جیاکەرەوە و سنووردارکەری شت و کەسە)) (کەسنەزانی، ٢٠٠٩، ل: ٢٨). بۆیە کاتێک ناوی کەسێکی ئاشنا یاخود دۆستمان دێنین یان دەبیستین، ڕاستەوخۆ لە هزرماندا وێنەی کەسـایەتییەکەش دێتەوە بەر دیـدەمان، چـونکە نـاو و کەسـەکە بوونەتە دروستکەری کەسایەتی مرۆڤەکە. لێرەوە دەشێت ناوەکان زیاتر لەوەی، کە دەبیسترێن زانیاری ببەخشن. لەو ڕووەوە، هەر ناوێک دەشـێت بـار کرابێت، بە کۆمەڵێک هێما و ئاماژەی واتایی, ئەمەش بە سروشتی کۆمەڵگە و بارودۆخی سـەردەم و بیرکـردنەوەی تاکەکـانەوە پەیوەسـتە. کەواتە ناوەکـان بە گشـتی هەڵگری ئاماژەن و تەنیا لە مەبەستی ناونانی کەسایەتییەکاندا کورت نـاکرێنەوە. بەڵام ئەوەی، کە جـێگەی ئامـاژە پێـدان و سـنووری لێـدوانی ئـێمەیە شـێوازی ناونـانی کەسـایەتییە لە ڕۆمانـدا. ئەو جیهـانەی کە ڕۆمـاننووس بونیـادی دەنێت، بەشێوەیەک لە شێوەکان لەژێر کاریگەریی واقیعدایە و لە ژینگەی دەوروبەری دابڕاودا نییە. بەم پێیەش ڕۆمـاننووس پێویسـتیی بە کۆمەڵێک کەسـایەتی هەیە. تاوەکو ڕووداوەکانی ڕۆمـانی پێ بجوڵێنێت. ئەم کەسـایەتییانەش پێویسـتیان بە جۆرێـک لە ناسـنامەی دەرەکـی هەیە، کە خـۆی لە ناونانیانـدا دەبینێـتەوە. ڕۆمـاننووس ئەم کـردەیەش بە هۆشـیارییەوە ئەنجـام دەدات. واتە  بەپێـی ئەو پـلانەی کە بـۆ پەیـکەری ڕۆمـانەکەی دارشـتووە، ناوەکـان بە کەسـایەتییەکان دەبەخشـێت. بەم جۆرە پرۆسـەی ناونـان تەنیـا لە پێنـاوی ناونانـدا نابێت. بەڵکو ناوەکان دەبنە ((ناسێنەری بەشـێکی کەسـێتی ئەو کـاراکتەرە، ئەگەر نووسـەر لە

ڕێگـای وەسـفی نـاوەوە یـان دەرەوە، کەسـایەتی بە ئـێمە بناسـێنێت لە ئاسـتی دیاردا، ئەوا دەتوانێت لە هەردوو شێوەی کۆد و ئاشکرادا، ناویش ببێتە بەشێک لەکەسـێتی کـاراکتەرەکە و یاریـدەدەرێکی باشـبێت بـۆ ناسـاندنی تەواوی بە خوێنەر))(کەسنەزانی، ٢٠٠٩، ل: ٣٤). هەر ڕۆماننووسێک خـاوەنی شـێوازێکە بـۆ ناونانی کەسایەتیی نێو ڕۆمانەکەی. بێگومان جۆری دەقی ڕۆمانەکەش بۆ خۆی شێوەی ناوەکـان دیـاری دەکـات. واتە ((ئەگەر چیرۆک و ڕۆمـان مێژوویی بن، ئەوا پێویسـتە نـاو وەک کەسـایەتییەکان، هەڵگـری چرکەسـاتی ڕوودانـی ئەو بەسەرهاتە بێت و مۆرکی سەردەمی باسلێکراوی پێوە بێت، ڕۆمـان و چیرۆکـی واقیعی نـاوی واقیعـی و ڕیالیسـتییان پێویسـتە. لە ئەفسـانەدا ناوەکـان هەڵگـری چەمکی کەلتووری ئەو نەتەوەیەن کە ئەفسـانەکەی تێدا خولقاوە))(کەسنەزانی، ٢٠٠٩، ل:٣٥). دەشێت ئەو گوتارەی ڕۆمانەکە لە خۆی دەگرێت، ڕۆڵی هەبێت لە داڕشـتنی ناوەکانـدا. دیـارە ئەمەش لە خزمەتـی ڕاگرتنـی بەهـای ئیسـتاتیکای دەقەکەدایە، تـاوەکو دابـڕاو نەبێـت لەو فەزایەی، کە دەیەوێـت بە خـوێنەری بگەیەنێت. لەم ڕوانگەیەوە ڕۆماننووسەکان، بە هەستیارییەوە بە دوای ناوەکاندا دەگەڕێن. واتە: ((ڕۆماننووسەکان مەبەستیانە لە دیاریکردنی نـاوی کەسـایەتییە سەرەکیەکاندا، پشت بە ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە ببەستن، تاوەکو ناوەکەی شیاو و هاوتـای ڕۆڵەکەی بێت)) (سـعاد، ٢٠٠٨، ص: ١٣٨). پێویسـتە شـێوازی ناونـانی کەسـایەتییەکان، هەڵگـری ئامـاژە و هێمـابن. واتە تەنیـا لە پێنـاو ناسینەوەیەکی ڕووکەشانەدا نەبێت. چونکە ((ناوی کەسەکان، چەمک و ئینتباعی سـەرەکی لە لای خـوێنەر دەڕسـکێنێ، بە تـایبەتی ئەگەر نـاوەکە بە ئاوەڵنـاو و نازناوێکەوە لکابێت... جاری ئەوتۆش هەیە... گشت کەسایەتییەکان هەڵگری ناو و سیفات و ڕەوشـت و ڕابردووی خۆیـانن و بە گوێرەی ئەو خـاڵانە دەبزوێن و هەڵوێسـت دەنوێنن))(سـەراج، ٢٠٠٧، ل: ١٢). شـێوازی ناونـانی کەسـایەتییەکان، کاریگەری لەسەر خوێنەر جێدەهێڵێت، واتە زۆرجار وەرگر لە ڕێگەی ناوێک یان نـاوێکی لێکـدراوەوە، کە دەرخەری سـیفەتێکن. خـوێنەر هانـدەدەن، کە تەمـاس لەگەڵ دەقەکەدا بکـات. هاوکـات لە دووتـوێی دەقەکەدا بە دوای ئەو زانیـارییەدا

بگەڕێت، کە پەیوەستن بە هەڵسوکەوت و ڕەفتاریی کارەکتەرەکانەوە تاکو لەو ڕێیەوە ڕاڤەیەک بۆ بەخشینی ناوەکان بە کەسایەتییەکان بکات.

## ٢. شێوازی ناونانی کەسایەتییەکان لە ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور)دا:

لە ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە)دا، کە لەلایەن (کاروان کاکەسوور و دواڕۆژ)ی کوڕییەوە نووسراوە، شێوازێکی گرتووەتەبەر, کە تەنها مەبەست لێی ناسینەوە و جیاکردنەوەی کەسایەتییەکان نییە. بەڵکو شێوازێکی مەبەستدارە و ئامانجێکی تێدا پەنهان کراوە. دیارە ئەمەش بەو جیهانبینییەوە پەیوەستە، کە (کاروان و دواڕۆژ) ویستویانە لە کەشی ڕۆمانەکەدا تەوزیفی بکەن. کە خۆی لە وێناکردنێکی ئەندێشەیی و فانتازیی واقیعی کۆمەڵگەی کوردیی سالانی حەفتای سەدەی ڕابردوودا دەبینێتەوە. لەو ڕوانگەیەوە کە ((فانتازیا ڕووبەرێکی بەرفراوانی لەم ڕۆمانەدا داگیرکردووە, هەر کردارێک دەگری لە دوو لایەنی خەیاڵ و ڕاستی پێکهاتووە وەکو کۆچی (دڵخواز) بەرە و کێوەکان و ئەو باڵندە سەیرانەی لەو ڕۆژەدا دەردەکەون و دوایی زەمین و ئاسمان دادەپۆشن...))(سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە، ٢٠١١، ل: ١٧). کاتێک وەرگر لە پرۆسەی خوێندنەوەدا ئاشنای ناوی کۆمەڵێک کەسایەتی دەبێت، کە بیرکردنەوە لەو ناوانە بە جۆرێکە خوێنەر لە بەرانبەریاندا هەست بەوە دەکات کە ئەو ناوانە لای ئەو نامۆنین، یاخود ناوی کەسانێکن کە ئاشنان بە دنیای ئەو، تەنانەت ڕەنگە لەگەڵیشیان دوابێت. هەڵبژاردنی ناوەکان لەم ڕۆمانەدا تەواوکەری سیما و خەسڵەتی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەیە. کە خۆی لە وێناکردنی تاکی کورددا بە هەموو ڕەهەندە جەستەیی و دەروونییەکانەوە دەبینێتەوە. ئەمەش ئەو هەستە بە وەرگر دەدات، کە بە حەز و خولیاوە، لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا تەماس بکات. دەکرێت شێوازی ناونانی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە) لە چەند جۆرێکدا پۆلین بکرێت.

کەسایەتیی سەرەکیی نێو ڕۆمانەکە (سەنگەر برایم تەنتریۆف)ە، (سەنگەر) ناوێکە هەڵگری خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕیی و بەرەنگارییە. هەر بۆیە ناوەکە تەواوکەری کەسایەتیی (سەنگەر)ە، کە ئارەزوو دەکات، بچێتە شاخ و ببێتە پێشمەرگە، چونکە باوکی پێشمەرگە بووە و هاوڕێکانی نازناوی (برایم تەنتریۆف)یان پێداوە ((چەک دەبێتە نازناو بە تایبەتی لە پێشمەرگایەتی ئەو کەسەی چ جۆرە چەکێکی زۆر هەڵبگرتبایە ئەو چەکە دەبووە نازناوی)) (شێخانی، ٢٠١٦، ل: ١٤). نازناوەکەی باوکی کاریگەریی لەسەری هەبووە، چونکە ئەو وەک هەرزەکارێکی گەڕەکە میللی و هەژارنشینەکان، شانازی بەو نازناوەی باوکییەوە دەکات، کە جۆرە هێزێکی مەعنەوی پێبەخشیووە. ناوی هەندێک کارەکتەری تر وەک ناوێکی تایبەتی بێ مەبەست بەکارهاتوون، وەک (ئازاد، ئاواز، دڵخواز، دلارام، ئەرخەوان)، کە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکاندا، ڕۆماننووس پەردە لەسەر ئەم کەسایەتییانە، هەڵدەماڵێت و وەرگر زانیارییان لەسەر وەدەست دێنێت. جۆرێکی تر لە ناو بەرچاو دەکەوێت، وەک (شێرۆی نانەوا، ئاسۆی نیگارکێش)، کە ناوەکان هەڵگری نازناوێکی پیشەیین، ئەم شێوازە لە ناونانیش لەلایەن (کاروان و دوارۆژ)ەوە، بۆ خۆلادانە لە وەسفی درێژ. واتە کاتێک خوێنەر ئەم جۆرە ناو و نازناوە پیشەییانە دەبینێت، ڕاستەوخۆ دەتوانێت پەی بە هەندێک لایەنی ئەو کەسایەتییانە بەرێت. بەم پێیەش لەگەڵ دەرکەوتنی ڕۆڵی هەریەک لەو کەسایەتییانە، وەرگر مەزندەی ئاستی ڕۆشنبیریی و جۆری بیرکردنەوەیان دەکات. خوێنەر بەهەندێک ناوی دی ئاشنا دەبێت. وەکو (پوورە مامز، دادە کەژێ، مام میکایل، پورە مانگشان، هیرۆخان) دیارە (کاروان و دوارۆژ) لە ڕێگەی ئەم پێشناو پاشناوانەی وەکو (پوورە، مام، دادە و خان) ەوە، ڕەگەز و تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی کەسایەتییەکانیان دیاری کردووە. بەم پێیەش ناوەکان سیمای کەسایەتییەکان کامڵ دەکەن. واتە وێنایەکی نزیک لە هەقیقەت بە خوێنەر دەبەخشن.

لە ڕۆمانی (سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە) هەندێک لە کەسایەتیی تر بەرچاو دەکەون، کە لە ناوەکانی خۆیان ڕازی نین، چونکە لەگەڵ بیروباوەڕ و جۆری بیرکردنەوەیاندا ناگونجێت. وەکو ناوەکانی (قاسم، ئەنفال) کە خوشک

و بـــران و باوكيـــان وەک مەلايەک. لە ڕوانگەيەكـــى ئـــاينييەوە ئەو دوو نـــاوە عەرەبييەى لـىَ نـاون. بەڵام دواتـر (قاسـم) نـاوى خـۆى بـۆ (شـەماڵ) و نـاوى (ئەنفال)ى خوشكى بۆ (ژيان) دەگۆڕێت. هەندێک ناوى واقيعى لە ڕۆمانەكەدا بەرچـاو دەكەون، كە هەمـان ئەو نـاوانەن كە (كـاروان كاكەسـوور) لە كتێبـى بيرەوەرييەكانيـدا بە سـيما و خەسـڵەت و كەسـايەتى و بيركـردنەوە و جـۆرى ژيانيانمان ئاشنا دەكات، بەڵام بە هەندێک دەستكاريى بچووكەوە. وەكو (نـازيلا ئينگليـز، ئەليـاس هـاوەزانى....) (كاكەسـوور، ٢٠٠٣، ل: ٥٣ و ٦٦). ئەم شـێوازەش لاى كاروان ڕايەڵەى پێكگەياندنى دنياى خەياڵ و دنياى واقيعە.

لە ڕۆمـانى (كەنـاڵى مەيمـوونە چەكدارەكان)دا، (كـاروان كاكەسـوور) تـاكە ڕێچكەيەكى تايبەتى بۆ ناونانى كەسايەتييەكان نەگرتووەتەبەر، بەڵكو شـێوازێكى تێكەڵى لە هەڵبژاردنـى نـاو و نازناوەكاندا بەكارهێنـاوە. واتە زۆرجـار بـۆ ئەوەى ڕەوتى گێڕانەوە خـاو نەكاتەوە و خـوێنەر نەخـاتە گێژاوەوە. تەنهـا بە نازناوێک ياخود نازناوێكى تەنزئامێز ناوى كەسايەتييەكەى ديارى كردووە. بە جۆرێک، كە نازناوەكە گوزارشت لە سيفەت و ئەدگارى كەسايەتييەكە بكات. وەكو ناوەكـانى (ملازم ماجيد هەمزە، ڕەقە، عوبێد پـۆخچى، سـابير پـوولەكە، شـێخ سـەعدوون، فەيســـەڵ گێبـــڕاى) بە شـــێوەيەكى گشـــتى ئەم نـــاوانە گوزارشـــتن، لە بەرەى شەڕخوازان. كە پێكهاتوون لە كەسانى سەر بە ڕژێمى بەعسى لەناوچوو. كە بە شێوازى جياواز خزمەتى ئەو ڕژێمەيان كردووە. وەكو (ئەفسەر، جاش، سيخوڕ و بەكرێگيراو). ڕۆماننووس مەبەستى بووە تەنها لە ڕێگەى ناو و نازنـاو يـاخود پێشـناو و پاشـناوەكانەوە، وێنـايەكى كـامڵى ئەو جـۆرە كەسـايەتييانە بە وەرگـر بگەيەنێت. واتە ئەمجۆرە ناونـانە ((بـۆ قسـەپێكردن و تەوس و لاقرتـێ و گەمە و پێكەنين و ناو و ناتۆرە و بانگەشـە و دەرزى ئـاژنين، وەک سيفەتێک (نازنـاو و ناوەناتۆرە) دەكەوێتە شوێن ناوى پياو يان ژنەوە زۆرجاريش چاودێرى ئيقاع لە هەڵبژاردنـــى ناوەنـــاتۆرەدا دەكرێـــت)) (زامـــدار، ؟، ل: ٣٥). واتە ئەو شـــێوازە ناونـــاتۆرەيە، وەک تەوس و گـــاڵتەپێكردن، لەلايەن كەســـانى دژ بەو هێـــزە شەڕخوازە پێيان بەخشـراوە، لە بەرانبەر كـار و كـردەوە نـاڕەواكانيـان. هەنـدێک نـاوى تـر لە ڕۆمـانى (كەنـاڵى مەيمـوونە چەكـدارەكان)دا بەر ديـدەى خـوێنەر

دەکەون، وەکو ناوەکانی (ئامانج، ئازاد، سۆزان، شۆڕش، هەژار، فەرەیدوون، شیرزاد، دلێر)، کە زیاتر وەک ناوی بێ مەبەست بەکارهێنراون. یاخود نموونەیەکن لەو ناوانەی کە ئەو قۆناغە زەمەنییەی کە ڕۆمانەکە لەخۆیگرتووە، کە لە سالآنی (١٩٧٤) بەدواوە لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە برەودا بوون. وەک ستایلی ناوی سەردەمەکە. واتە شەقڵی سەردەمەکەی خۆیان هەڵگرتووە. بەم پێیەش دەتوانرێت بگوترێت، کە شێوازی ئەم ناوە بێ مەبەستانە لای (کاروان کاکەسوور) ((بە بەرفراوانی بەردیدە دەکەوێت. تاڕادەیەک وەک ستایلێکی دیاری نووسەر چەسپاوە. ناو لە باری ئاساییدا کاردەکات، ...ئەم ناوانە لەلای نووسەر بەجۆرێک دادەنرێت، کە کەس بەم ناوەوە خۆی گرنگە و لە ڕێگای شەپۆلی هۆشەوە، قوڵایی کەسێتییەکان نیشاندەدات... چونکە دواجار بە هۆی بونیادنانی کەسێتییەکان و تۆکمە بوونیانەوە، هاوتا ناسینی ناخ و هەست و نەستیانەوە، خوێنەر هەست بە لەنگی یان کاڵیی ناو و ناولێنراو ناکات، بەڵکو لەگەڵ کەسێتیدا یەکدەگرێت))(کەسنەزانی، ٢٠٠٩، ل: ٤١). ئەم ناوە بێ مەبەستانە لەو ڕووەوە گرنگن، کە بە ئاسانی خۆیان بە دەستەوە نادەن، بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ڕەوتی ڕووداوەکاندا، خوێنەر ئاشنایەتییان لەگەڵ پەیدا دەکات. ئەو کات هەست بە قورسایی هەریەک لەو ناوە بێ مەبەستانە دەکات.

(کاک پۆڵا جەنگۆ) نازناوی کەسایەتییەکی تری نێو ڕۆمانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان)ە، کە بەرپرسی مەفرەزەیەکی پێشمەرگەیە و ناوی ڕاستەقینەی خۆی (وشیار خەلۆ شەمسی)یە. ئەم ناوە تاڕادەیەک خوێنەر فریودەدات، چونکە وەرگر هەر کاتێک ناوی (جەنگۆ) دەبیستێت ((وا دەزانێ کوردییە و بە مانای شەڕ دێت، بەڵام زۆر بەهەڵەدا دەچێت، چونکە ئەمە ناوی یەکێک لە فیلمەکانی (کلینت ئیستوود)ە... (کلینت ئیستوود) لەوێ ناوی (جەنگۆ Django)یە)) (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، ٢٠١٢، ل: ١٥). (وشیار)ی هەرزەکار، تەواو بە ڕووداو و کەسایەتی (جەنگۆ) لەو فیلمەدا سەرسام دەبێت، ئەمەش وای لێدەکات ئێوارەیەک ((هەر لە سینەماوە بەرەو شاخ سەر هەڵگرێت)) (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، ٢٠١٢، ل: ١٥). لەمەوە (وشیار) بە (پۆڵا جەنگۆ) ناو دەردەکات. ئەمە چیرۆکی ناوی (کاک پۆڵا جەنگۆ)

بوو، بەڵام لەوە سەیرتر نازناوی پێشمەرگەکانی نێو مەفرەزەکەی (کاک پۆڵا جەنگۆ)یە. وەکو (وریا باگوردان)، کە کەسێکی تێکسمڕاو و بە قەڵافەت و خاوەن جەستەیەکی تۆکمەیە. (شیرۆ کورە)، کە لە تورەبووندا ئاگری لێ دەباری. (کامۆ ورچە) لە ناو بەفریشدا سەرمای نەدەبوو. (ئازۆ ئازووقە) لە هەر جێیەک بووایە ئازووقەی پەیدا دەکرد. (شاخۆ بەزمە) لەو پەڕی ناخۆشیدا لە بەزم و خۆشی نەدەکەوت. (سەرۆ مەنجەنیق) لە بەرد هاویشتندا کەس هاوشانی نەبوو. (ئامانج)یش بە حوکمی ئەوەی بڕیاری دابوو بە هیچ شێوەیەک قسەنەکات. نازناوی (کەڕولاڵی چەنەباز)یان پێ دابوو، چونکە تەنها بە سەرلەقاندن وەڵامی هاوڕێکانی دەدایەوە. (ئاواز) ناوی کەسایەتییەکی تری نێو مەفرەزەکەی (کاک پۆڵا جەنگۆ)یە، کە بەهۆی ناوی (ئاواز)ەوە، مەفرەزەکەیان زۆر ناسراو بوو. چونکە ئاواز ((یەکێکە لە کارەکتەرە مشتومڕ ئامێزەکان، حەکایەتبێژ لە ڕێگای بینینی کچێکی لادێییەوە پێشکەشی دەکات کاتێ دیمەنی یەکێک لە کچە لادێییەکان وێنەیەکی تر لە نەستی حەکایەتبێژەکە، واتە (ئامانج) دێنێتە پێشەوە. دیارە بەیەکبەستنەوەی ئەم دیمەنە لەگەڵ وێنەی (ئاواز)، بەپێی لۆژیکی سایکۆلۆژیا، لە ڕێگای بوونی خەسڵەتێکی هاوبەشەوە لە نێوان هەردووکیاندا دێت... خەسڵەتە هاوبەشەکە ئەو ڕەهەندە مێینەیەیە، کە لە خودی ناوی (ئاواز)دا هەیە)) (کەنالی مەیموونە چەکدارەکان، ٢٠١٢، ل: ٥٠٣). واتە ئەوەی لە نێو خەڵکدا مقۆمقۆی خوڵقاندووە. کەسایەتی (ئاواز)ە، چ وەکو ناو چ وەکو جەستە، چونکە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ناوی (ئاواز) زیاتر بە ڕەگەزی مێینە دەبەخشرێت، بەڵام ئەوەی بووەتە جێگەی باس ئەوەیە کە لە ڕۆمانەکەدا (ئاواز) ناوی کوڕێکە. هەروەها لە ڕووی پێکهاتەی جەستەییشەوە (ئاواز) کوڕێکی ناسکە، ئەو ناسکییەش ئەوەندەی دی خەسڵەتی ڕەگەزی مێی پێ بەخشیووە. واتە (کاروان) لە ڕێگەی گۆڕینی ناوی ڕەگەزەکانەوە، دەیەوێت هەستی خوێنەر ڕابگرێت و هزری خوێنەر سەرقاڵ بکات. بەوەی چاوەڕوانی بینینی دیمەنێک بێت، بەڵام لەناکاو پێچەوانەکەی دەخاتەڕوو. پەی بردن بەم دیمەنەش لای خوێنەر وەک گەمەیەکی ئیستاتیکی چێژبەخش دەکەوێتەوە.

شێوازی ناونانی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان) تەواو لەگەڵ سروشتی واقیعی ڕۆمانەکەدا گونجاوە، بەڕادەیەک ڕۆماننووس سەرکەوتوو بووە، لە دروستکردنی زەمینەیەک بۆ بەستنەوەی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەی بە جیهانی دەرەوە (واقیعەوە)، بە جۆرێک کە هەر ناوێک جگە لە وەزیفەی ناسینەوە، هاوکات کۆمەڵێک ئاماژەش دەگەیەنن. واتە ((دەبێت ناویش وەکو زۆر ڕەگەزی دیکەی چیرۆک و ڕۆمان، هەندێک پرسیار بوروژێنێت، نەک بەشداری لە ئاسانکرنەوە و ڕوونکردنەوەی تێکستەکەدا بکات، زیاترین وشە، کە لە هەر چیرۆکێکدا بەکاربێت، ناوی کارەکتەرە، بۆیە ئەگەر وەکو قەوارەش لێی بڕوانین، ئەوە دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگرین، کە ئەو وشانە ئەگەر ئەرکیان نەبێت، وەکو بۆشاییەکی پاسیڤ لە ناو تێکستەکەدا دەردەکەون)) (جەمال، ٢٠٠٧، ل: ٦٨). بەم شێوەیە هیچ کام لە ناوی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە بێ وەزیفەنین، واتە ناو لە پێناوی ناودا نییە، بەڵکو ناون لە پێناوی بزواندنی هزری خوێنەردا ، تاوەکو نهێنی پشت شێوازی ناونانی کەسایەتییەکان ئاشکرا بکات.

(خەلۆ چاوسوور) ناو و نازناوی یەکێکە لە کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکە، کە ناو و نازناوەکەی ڕاستەوخۆ ئەو ئاماژەیە بە وەرگر دەدات، کە لەگەڵ کەسێکی ئاساییدا مامەڵە ناکات، بەڵکو کەسایەتییەکی دەروون نەخۆش، بە گومان، شەڕانگێز و بکوژە. بەڵام کاتێک بیر لە گۆڕینی باری ژیانی دەکاتەوە، دەیەوێت سەرەتا ناوی خۆی لە (خەلۆ چاوسوور)ەوە، بۆ (حەمدی باخەوان) بگۆڕێت، تاوەکو لە ڕووی دەروونییەوە هەست بە سووکبوونی باری سەرشانی بکات، بە جۆرێک کە لەگەڵ ژیان و پیشە نوێیەکەی گونجاو بێت. شێوازێکی تر لە ناونان لە ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان)دا بەرچاو دەکەوێت، کە ئەویش ناوێکە بۆ چوار کارەکتەری جیاواز. ناوەکەش بریتییە لە (مەیسوون)، کە بە چوار کارەکتەری جیاواز بەخشراوە. (١. مەیسوون: ژنی حەمدی کە باپیرە گەورەی خەلۆ چاوسوورە. ٢. مەیسوون: ژنی خەلۆ چاوسوور. ٣. مەیسوونی مانگا. ٤. دادە مەیسوون: کە هاوسێی ماڵی پەریهانی دایکی وریایە). هەر چەندە ڕایەڵەیەکی باریکی پێوەندیی لە نێوان ناوی مەیسوونەکاندا هەیە. بۆیە دۆزینەوەی ئەو پێوەندییانە وا لە خوێنەر دەکات، لەلایەک ئاشنایەتی لەگەڵ

کەسایەتییەکان پەیدا بکات، لەلایەکی ترەوە چێژ لەو بەدوادا گەڕانە وەربگرێت. بە واتایەکی تر وەرگر دەتوانێت. لە پرۆسەی بەدواداچووندا ئەو تەمومژەی لە دەوری ناوەکان ئالاوە بڕەوێنێتەوە و ئەو ڕایەڵەش بدۆزێتەوە کە ناوی مەیسوونەکان پێکەوە گرێدەدات. (هەرناز خان) وەک ناوێکی لێکدراو، کە پاشناوی خانی پێوە لکاوە، وەک ناوێکی مەبەستدار دەردەکەوێت. لەو ڕووەوە کە ناوەکە پێکهاتەی کەسایەتییەکە لەڕووی جەستەیی و هەڵسوکەوتەوە تەواو دەکات. بەشێوەیەک وەرگر لە ڕێگەی ئاماژەکانی جەستە و گفتوگۆکانی (هەرناز خان)ەوە، درک بەوە دەکات، کە هەرچەندە ئەو کەسایەتییە خاوەنی ناوێکی ناسکی مۆزیکییە، بەڵام ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی وەکو کەسێکی نەخوازراو دەیخەنەڕوو، بەو پێیەی شانازییەکی زۆر بە ڕابردووی بنەماڵەکەیانەوە دەکات. ئەمەش بۆ ئەو مەبەستەی زیاتر خۆی بنوێنێت و فیز و تەکەبور بەسەر دەوروبەریدا لێبدات. (گوڵدان) ناوی یەکێکی ترە لە کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکە و وەک کچێکی زۆرزان و چاونەترس دەردەکەوێت، کاتێک خوێنەر بە (گوڵدان) ئاشنا دەبێت. تێدەگات کە (گوڵدان) حەز بە قووڵایی دەکات. هەروەک لە دیالۆگێکدا خۆشەویستەکەی پێی دەڵێت:

((- تۆ زۆر حەز لە چاڵ دەکەیت.....

- نا، وا نییە... من شێتی قووڵایم....

- هەندێک کەس حەز لە فڕین دەکەن، ورە گیان، بەڵام من دەزانم هەموو نهێنییەکان لە قووڵاییدان)) (کازینۆی مندالان، ٢٠١٣، ل: ١٠٤). (گوڵدان) بە واتای (ئینجانە) دێت، کە بریتییە لەو دەفرە قووڵەی، کە گوڵی تێدا دەنێژرێت. واتە: سروشت و جۆری بیرکردنەوەی (گوڵدان) لەگەڵ واتای ناوەکەیدا هاوتا دێتەوە و یەکدی تەواو دەکەن، چونکە (گوڵدان) پێیوایە تەنها لە ڕێگەی ناخەوە دەتوانین مرۆڤەکان بناسین. قووڵایی ((ناوەرۆک دەگرێتەوە. واتا ناوەرۆکی مرۆڤ، جەوهەری مرۆڤ. ئەم کارەکتەرە... بڕوای بە ناوەوەی مرۆڤ هەیە. هەموو نهێنییەکان لە دەروونی مرۆڤدا دەبینێتەوە، نەک لە دەرەوەی مرۆڤ)) (مەنتک، ٢٠١٤، ل: ٢٣). واتە: (کاروان کاکەسوور) بەمەبەست ناوی گوڵدانی بە کەسایەتی

(گوڵدان) بەخشیووە. چونکە فەلسەفەی (گوڵدان) ئەوەیە، چەند ڕۆچێتە قووڵایی ئەوەندە ڕێگەی ناسینی بەرانبەرەکانی بۆ دەڕەخسێت.

(عوریقە) ناوی کەسایەتییەکی کچی نێو ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان)ە، کە عەرەبە و بەهۆی مامەڵەی نەشیاوی بەرانبەرەکانی لەگەڵیدا هەڵدێت، چونکە خۆشەویستەکەی ناپاکی لەگەڵ دەکات. دڵی لە دایک و باوکی دەشکێت و پەنا بۆ مامی دەبات. ئەویش هەوەسبازانە، چاوی تێدەبڕێت و زۆرجار پەلاماری دەدات. سەرەنجام لەو واقیعە تاڵە هەڵدێت و لە نێو ڕەشماڵی تیلمەکاندا خۆی دەبینێتەوە. ((ـ تازە تیلمەیەکی نوێم بۆ هاتووە... ناوی عوریقەیە و زۆر جوانە... ئەوت بۆ دادەنێم))(کازینۆی منداڵان، ٢٠١٣، ل: ١٥١). (عوریقە) لە بنەڕەتدا ناوی (عێراق)ە. ((لە مانگی ئۆگستی یەکێک لە ساڵەکانی دەیەی دووەمی سەدەی بیستەم لە نەخۆشخانەیەکی بەغدا و لەژێر دەستی دۆکتۆرێکی ئینگلیزی لە دایک دەبێت... بەڵام بۆ ئەوەی وەک تیلمەیەکی کۆچەری بێتە بەرچاو، بۆ (عوریقە)ی کورت دەکاتەوە))(کازینۆی منداڵان، ٢٠١٣، ل: ١٥٨). ناوی ئەم کەسایەتییەش کۆدێکە و خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت. کە دەکرێت بڵێین مەبەستی (کاروان کاکەسوور) لە (وڵاتی (عێراق)ە، کە ئینگلیزەکان لە دوای سەرکەوتنییان لە شەڕی یەکەمی جیهاندا دەستیان بەسەر میراتی دەوڵەتی عوسمانیدا گرت. بە لێکدانی چەند ویلایەتێکی ئەو کات دەوڵەتی (عێراق)یان دامەزراند)(مەنتک، ٢٠١٤، ل: ٢٦). واتە ڕۆماننووس چیرۆکی دامەزراندنی وڵاتی عێراقی بە ناوی کەسایەتی (عوریقە)وە بەستووەتەوە، کە سەرتاپای ژیانی غەم و ئازارە و بە ناچاری بووەتە تیلمە و هەر ڕۆژەی یەکێک حەزەکانی خۆی پێ خاڵی دەکاتەوە. (عێراق)ێکی بەزۆر کراو بە دەوڵەتیش، لە ڕۆژی دامەزراندنییەوە تاکو ئێستا پڕ لە کێشە و ململانێ بووە. هەر ڕۆژەی وڵاتێک بە هاوکاری دەستی بەرژەوەندیخوازانی ناوخۆیی خێر و خۆشییەکانی دەبەن. هەژارانیش دەبنە سووتەمەنی و باجی نەهامەتییە بەردەوامەکانی. لە ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان)دا خوێنەر بە کۆمەڵێک کەسایەتیی بێناو ئاشنا دەبێت. کە بە (کوڕەکانی پەلکۆ) ناسراون. (پەلکۆ) شەش کوڕی هەیە، بەڵام بڕیاری داوە ناویان لێ نەنێت، چونکە ((پێی وایە ناو مرۆڤ میهرەبان دەکات... کاتێ یەکێ ناوی بهێنێت، ئەو

سۆزی دەبزوویت))(کازینۆی منداڵان، ٢٠١٣، ل: ٢٦٦). کاتێک (کوڕەکانی پەلکۆ) بەبێ ناو گەورە دەبن. بەڵام لە گەورە بووندا هەست دەکەن، کە بێ ناوی تووشی چەند گرفتێکی گەورەیان دەکات!! (کاروان کاکەسوور) نەبوونی ناو پەیوەست دەکات بە نەبوونی ناسنامەوە. واتە مرۆڤ کاتێک ناوی نابێت، دەبێت بزانێت کە شوناسی لە مەترسیدایە!! واتە کاتێک ناسنامەیەک نەبێت، کە تاکەکان کۆ بکاتەوە. بێگومان پەرشوبڵاو دەبن. یاخود کەسانی لاواز دەردەچن و بە ئاسانی دەتوانرێت دەستیان بەسەردا بگیرێت و ئازادییان زەوت بکرێت. بۆیە دووان لە کوڕەکان لە ڕێگەی مزگەوتەوە دەبنە خاوەن ناوەکانی (عەبدولجەبار و عەبدولموهەیمەن). دوو کوڕی دیکەیان ون دەبن. یەکێکی تریان شەیدای کچێکی عەرەب دەبێت. کوڕێکی دیکەیان تێکەڵی کاری سیاسی دەبێت. بەڵام دواجار زڕخوشکێکی کوڕەکان کە ناوی (پەریهان)ە، بەهانای کوڕەکانەوە دێت، بەوەی ناوی چەند شاعیرێکی کورد لەو کوڕانە دەنێت. ناوی (عەبدولجەبار و عەبدولموهەیمەن) بۆ (گۆران و بێکەس) دەگۆڕێت. ناوەکانی (قانع و هەردی) دەبەخشێتە ئەو دوو کوڕەی سەری خۆیات هەڵگرت. ناوی (دڵدار)یش بۆ کوڕە عاشقەکە هەڵدەبژێرێت. (زێوەر)یش بۆ ئەو کوڕەی لە ڕێکخستنە نهێنییەکاندا کار دەکات بە گونجاو دەزانێت. ئەمەش ئەو ترسە گەورەیەیە، کە هەوڵی کاڵکردنەوە یاخود سڕینەوەی ناسنامەی تاکی کورد دەدات، بەبێ ئەوەی تاکی کورد بە خۆی بزانێت. بۆیە (کاروان کاکەسوور) دەیەوێت پێمان بڵێت با فریای ناوەکانمان کەوین. تاوەکو نەوەکانمان بە ناسنامەی نەتەوایەتی کورد ناودارکەین.

لە ڕۆمانی (ماڵی نانی)دا، شێوازێکی تەواو جیاواز، لە ناونانی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکانی دیکەی (کاروان کاکەسوور)دا بەرچاو دەکەوێت. ئەمەش لە پێناوی ڕەخساندنی ئەو کەشە فانتازییەدا بووە، کە ڕۆماننووس مەبەستی بووە لە ڕۆمانەکەدا وێنای بکات. بە جۆرێک هەست بە تێکشکاندن و بەزاندنی سنوورەکانی واقیع لە ڕۆمانەکەدا بکرێت.(کاروان کاکەسوور) لە بارەی فانتازیاوە دەڵێت: ((فەنتازیا بۆ من ئەو دنیایەیە، کە لە نەبوونەوە دەبێ بیخوڵقێنم و پێش هەر کەسێکی دیکە خۆم لە ئاستیدا سەرسام بم. لای من جیاوازی نێوان

چیرۆکی فانتازی و هی واقیعی ئەوەیە، کە یەکەمیان هەموو شتێک لە هەرە بچووکەوە تا هەرە گەورەی دەبێ چیرۆکنووس خۆی خەڵقی بکات، دیارە ئەمەش بەر لە هەرچی پێویستی بە زمانێکی جیاوازە، بەڵام لە چیرۆکی واقیعیدا شتەکان هەن و چیرۆکنووس دەستنیشانیان دەکات))(کاکەسوور، ٢٠٠٤، ل:١٩). یەکێک لە لایەنە هونەرییەکانی خەڵقکردنی ئەو کەشە فانتازییەی لە نێو ڕۆمانی (ماڵی نانی)دا پەیڕەوکراوە، شێوازی ناونانی کەسایەتییەکانە. کە دەتوانرێت بگووترێت بەشێکی زۆر لە کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە، ناوەکانیان هەڵگری جۆرێک لە لوغزە، کە ئەمەش ئەوە لە خوێنەر دەخوازێت، کە بە وردی و وریاییەوە لە دوی ناوەکان بڕوات، تاکو ئەو ڕایەڵە ون نەکات، کە کەسایەتی و ناوەکانیان بە یەکدی دەگەیەنێت. چونکە ناوی کەسایەتییەکی، وەک (دڵداری دووەم!!)، کە بە ناوی مامییەوە کراوەتەوە. دەڵێت: ((ئەگەر خانەوادەی ئێمە بە سەیرترین خانەوادەی شار ناسراوە، ئەوا پێم وایە هۆکارە سەرەکییەکەی (ناو)ی کەسەکانە... ڕاستتر ئەو ڕووداوانەن، کە بەو ناوانەوە پەیوەستن))(ماڵی نانی، ٢٠١٤، ل: ١٢٥). هەر بۆیە (دڵداری دووەم) بەچەند ناوێکی جیاوازەوە بەپێی ڕووداوەکان دەردەکەوێت، کە ئەم ناوە جیاوازانەش کاریگەری لەسەر سیفەتی کەسایەتی دروست دەکەن. کاتێک بە منداڵی بۆ مەبەستێک دەگاتە گوندێکی عەرەبنشین و چەند ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە، هیچ وشەیەک ناڵێت و وەک کەڕ و لاڵێک دەردەکەوێت، بۆیە ئەو ژنەی بەخێویدەکات. کاتێک دەیەوێت ناسنامەی بۆ دەربهێنێت، بەپێی کەلتوری خۆیان بەناوی یەکێک لە سەرکردەکانی مێژووی ئیسلامەوە ناوی دەنێت، بەمەش ناوی سیانی بە فەرمی دەبێتە (مەعاویە عەواد عۆدە)، دواتر کە تەمەنێک گەورە دەبێت و لە دەستگایەکی فێرکاریی زۆر تایبەتدا وەردەگیرێت بە (لامڕاها) دەناسرێت ((من لامڕاهام...!! بەڵێ، (لام، ڕا، ها)م...!! تکایە لێم مەپرسن لامڕاهای چەندەمم))(ماڵی نانی، ٢٠١٤، ل: ١١٩). لێرەوە ناوەکەی تەنها دەبێتە سێ پیت (ل، ڕ، هـ) بەبێ ئەوەی کەسێک بزانێت ئەم پیتانە کورتکراوەی، چ وشەیەکن یاخود چ واتایەک دەگەیەنن. دواتریش کە بەرەو ئەوروپا کۆچ دەکات. ناوی سیانی خۆی لەسەر

پاسپۆرت دەکاتە (دڵداری دووەم تاریق نیهال). بە مەرجێک، کە نە (تاریق) باوکی هەقیقیەتی و نە (نیهال)یش باوکی (تارق)ە.

ئەو ناوانەی لە (ماڵی نانی)دا بەرگوێی خوێنەر دەکەون، لەبەرئەوەی کە زۆربەیان ناوی لێکچوون، ڕۆماننووس بۆ لێکجیاکردنەوەیان، ژمارەی داوەتە پاڵ ناوەکان، (دڵداری دووەم)، کە بچووکترین ئەندامی خێزانی (ماڵی نانی)ە. بەشێوازێکی تەنزاوی ناوی کەسایەتییەکانی نێو بنەماڵەکەی وەسف دەکات و دەڵێت: ((دایکم و نەنکم، (واتە بووک و خەسوو) ناویان (پەرهەنگ)ە و هەردووکیشیان بە (نانی) بانگ کراون... پوورم و خوشکم ناویان (ڤیان)ە، لە کاتێکدا ئەوە خوشکمە، کە چەند ساڵ لە پوورم منداڵترە، بە (ڤیانی یەکەم) ناسراوە))(ماڵی نانی، ٢٠١٤، ل: ١٢٥ ـ ١٢٦). لە کاتێکدا (دڵداری یەکەم) مامی (دڵداری دووەم و ڤیانی یەکەم)ە. هاوکات پووریان بە (ڤیانی دووەم) ناسێنراوە. ڕۆماننووس پاشناوێکی لە شێوەی ژمارەدا، بە ڕەگەزی (نێر و مێ)ی ناوە لێکچووەکان بەخشیوە. ئەویش لە پێناوی جیاکردنەوەیان. هەرچەندە ئەوەی لە ناوی کەسایەتییە مێژووییەکاندا بەرچاودەکەوێت. ژمارە تەنها دراوەتە پاڵ ڕەگەزی نێر، وەکو ناوی پاشا و سوڵتانەکان. بەڵام (کاروان کاکەسوور) بۆ بەرجەستەکردنی جیهانێکی فانتازیی و خوڵقاندنی زەمینەی جیاوازی لەگەڵ دنیای واقیعدا ئەم شێوازەی داهێناوە. (نەرمە ڕەقە)یش ناوی ژنێکە، کە هاوسەرەکەی لە دەستداوە و لەگەڵ تاقە کوڕەکەیدا دوور لە ئاوەدانی بەهەژاری ژیان بەسەر دەبات. (کاروان کاکەسوور) دەیەوێت لە ڕێگەی سیفەتی (ڕەقە)وە، کە بە ناوەکەی بەخشیوە. وێنایەکی تراژیدی کەسایەتی (نەرمە) بکات، کە دەشێت لە گەنجیدا شۆخێکی نەرم و شل بووبێت، بەڵام نەهامەتییەکانی ژیانی وشکیان کردبێتەوە. واتە ڕۆماننووس لە کێشانی وێنەی کەسایەتی (نەرمە ڕەقە)دا زۆر شۆڕ نەبووەتەوە، بەڵکو ئەرکی تەواوکردنی سیمای کەسایەتی (نەرمە ڕەقە)ی بە ناو و نازناوەکەی سپاردووە.

(کاروان کاکەسوور) لە شێوازی ناونانی دوو کەسایەتیی عەرەبدا، دەیەوێت لە ڕێگەی ناوەکانیانەوە ڕۆڵەکانیان بەرجەستە یاخود تەواو بکات. بۆ ئەم

مەبەستەش ئەو پیتانەی ناوەکانیانی لێ پێکهاتووە بە جۆرێک ڕیزکردووە، کە لە ئەنجامدا ناوەکانیان لە ناو یەکدیدا بتوێتەوە. بەم شێوەیە (بسەلماح شەیهانی) ناوی گەنجێکە و لە ماڵی ئامۆژنی کە ناوی (سەلما سەلمان)ە، دەژی. لە نێوان ئەو دوو کەسایەتییەدا جۆرێک لە نزیکبوونەوە و پێوەندی تەمومژاویی هەیە. بەڵام کاتێک (سەلما) سەری خۆی هەڵدەگرێت و بزر دەبێت، ئیتر (بسەلماح)یش بەشێوەیەک هۆگری (سەلما) دەبێت، کە هەمیشە لە ماڵەوە جلوبەرگەکانی دەپۆشێت. کاتێک خەڵکی گوندیش دەیانەوێت سۆراغێکی (سەلما) بکەن. (بسەلماح) هەست ناکات کە (سەلما) ونبووە، بۆیە گێڕەرەوە دەڵێت: ((ئەم لە دەرەوە (بسەلماح) و لە ناوەوە (سەلما)یە... ئایا ئەمە ڕێککەوتە سەرجەم پیتەکانی ناوی لە ناوی ئەودا هەن...؟!))(ماڵی نانی، ٢٠١٤، ل: ٢٣٨). واتە: ئەگەر پیتی سەرەتا و کۆتایی (ب ، ح) لە ناوی (بسەلماح) بکەینەوە، ئەوا تەنها (سەلما) دەمێنێتەوە، جگە لەوەش لێکدانی هەردوو پیتە زیادەکە وشەیەکی واتاداری مەعنەوی بە زمانی عەرەبی، کە (حب ـ خۆشەویستی)یە دروست دەکەن. ئیتر ئەمە ئەو هەستە لای (بسەلماح) دروست دەکات، کە خەڵکی بێهوودە بە دوای (سەلما)دا دەگەڕێن، چونکە ئەو گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە (سەلما)ی لە نێو خۆیدا، واتە (بسەلماح)دا تواندۆتەوە.

شێوازێکی تر لە ناونان لەم ڕۆمانەدا بەرچاو دەکەوێت، کە ئەگەر پاش و پێش یاخود جێگۆڕکێ بە وشە پێکهێنەرەکانی ناوەکە بکرێت، هیچ لە ئەرکی ناوەکە ناگۆڕێت. بەڵکو مەبەستی خۆی هەر دەپێکێت. (ئادەم زێڕین) ناوی کەسایەتییەکی دیکەی نێو ڕۆمانی (ماڵی نانی)یە، سەرەتا وەک کوڕێکی باریکەلەی سوور و سپی دەردەکەوێت، بەڵام دواتر ئاشکرا دەبێت، کە نەخێر ئەمە ژنە، بەڵام جلی پیاوانە دەپۆشێت و قژی کورت دەکاتەوە. ئەگەرچی لە واقیعدا (نە کوڕە و نە کچ)ە. بەڵکو (نێرەمووک)ە، بەڵام زیاتر بەلای ڕەگەزی مێینەدا دەڕوات. هەر بۆیە ناوەکەی، چ وەکو (ئادەم زێڕین) یاخود (زێڕین ئادەم) پاش و پێشی پێ بکرێت و لە هەر سەرێکەوە بخوێنرێتەوە، کار لە شێوازی ناونانی کەسایەتییەکەی ناکات. واتە لە ڕۆمانی (ماڵی نانی)دا (کاروان کاکەسوور)، گەمەیەکی هێندە ئیستاتیکی بە شێوازی ناونانی کەسایەتییەکان

دەکات, کە خوێنەر سەراسیمە و حەیران دەکات. گەمەکانی (کاروان کاکەسوور) لە ڕووی بەکارهێنانی ژمارە بۆ هەردوو ڕەگەز، ناو و نازناو، بەکارهێنانی پیت وەک کۆد، جێگۆڕکێ و لابردنی پیت و جێگۆڕکێ بە وشەی ناوەکان. وەرگر دەتوانێت بە ئاسانی بەرهەمەکانی (کاروان کاکەسوور) بناسێتەوە. هەروەک چۆن دەکرێت وەک شێوازێکی تایبەت بە ڕۆماننووس لێی بڕوانرێت. کە ئەمەش باڵادەستیی (کاروان کاکەسوور)، لە بواری زانستی زمان و کایە مەعریفی و ڕۆشنبیرییەکانی دیکەدا دەسەلمێنێت.

لە ڕۆمانی (ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا (کاروان کاکەسوور)، مەبەستی بووە، کە سەردەمێکی مێژوویی پڕ لە کارەسات و نەهامەتی نەتەوەی کورد وێنا بکات، کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی عێراقەوە دژی نەتەوەی کورد پەیڕەوکراوە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بە جۆر و شێوازی تر ئەو چەوساندنەوەیە بەردەوامیی هەیە. وێناکردنی ئەم واقیعە، لە چوارچێوەیەکی هونەریدا پێویستیی بە ڕەخساندنی زەمینەیەک هەیە، کە گەشت بە وەرگر بکات و هزر و هۆشی بفڕێنێ بۆ ناو قووڵایی ئەو مێژووە پڕ لە کەسەرە، بەشێوەیەک خوێنەر هەست بکات، کە لەو سەردەمەدا دەژی. واتە: (کاروان کاکەسوور) بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەتەک ڕووداوەکاندا کردووە، تاوەکو هەستی ئێستاتیکیی وەرگر بوروژێنێت. بەشێوەیەک تەنها گواستنەوەی واقیعەکە نەبێت وەک خۆی، بەڵکو ڕەخساندنی زەمینەیەکە، بۆ ئەوەی ڕووداو و ململانێ و کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکە جارێکی تر وەکو واقیعێکی هونەریی لای وەرگر وێنا بکرێتەوە. ئەمەش پێویستە لە شێوازی ناونانی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەدا لە بەرچاو بگیرێت. واتە: (کاروان کاکەسوور) ئەو ناوە خەسڵەتدارانەی هەڵبژاردووە، کە لەو سەردەمانەدا لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا باوبوون و برەویان هەبووە. بەم پێیەش بابەتی ڕۆمانەکە ڕۆڵی لە دیاریکردن و ناونانی کەسایەتییەکاندا هەبووە. ئەمەش ئەو جیهانبینیەیە، کە ڕۆماننووس دەیەوێت بە وەرگری بگەیەنێت. ئەو ناوانەی لە ڕۆمانی (ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا، بونیادی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەیان تەواوکردووە و وەرگر بە شێوازی (کاروان کاکەسوور) لە ڕۆمانەکەدا ئاشنا دەکەن. بریتین لە (مامۆستا دلاوەر بێجان،

ست ویداد دێرتی، ئومێد، تەلار، ملازم قاسم، مام داوید قەفقازی، مامۆستا عەبدولقەوی پیرە ڕەشە گاشەبەردی، دۆکتۆر ئارۆن).

ئەوەی لە شێوازی دیاریکردن و هەڵبژاردنی ناو بۆ کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەدا تێبینی دەکرێت، ئەوەیە کە زۆرجار ڕۆماننووس ناوەکانی بە مەبەستەوە بەکارهێناوە، واتە تەنیا ناوێکی ئاسایی نین، بەڵکو ناوەکان هەڵگری ئاماژەن. (مامۆستا دلاوەر بێجان) ناوی یەکێک لە کەسایەتییەکانە، پیشەی مامۆستایە. ئەگەرچی (دلاوەر) بە واتای (ئازا، ڕەشید و بوێر) دێت. بەڵام کاتێک لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا بەو کەسایەتییە و ڕەفتار و بیرکردنەوەکانی زیاتر ئاشنا دەبین. دەردەکەوێت کە ناوەکەی تەواو پێچەوانەی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانیەتی، بەوەی کە زیاتر وەک مرۆڤێکی بودەڵە و ترسنۆک و دەستەپاچە ڕۆڵ دەگێڕێت. هیچ ئاماژەیەک بۆ ئازایی و دلاوەری نمایش ناکات. (ست ویداد دێرتی) کە بە (ویدە دێرتی)یش ناسراوە. ناوی کەسایەتییەکی ترە، مامۆستایە و وانەی ((ـ ئینگلیزی بە خوێندکاری ئامادەیی دەڵێت و وشەی دێرتی زۆر بەکاردەهێنێت. کوڕە چوختییەکان ئەو ناتۆرەیەیان دواخستووە))(ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش، ٢٠١٥ ، ل: ١٥). وشەی (دیەر) بەمانای (ئازیز) دێت. بەڵام (ست ویداد دێرتی) بەم نازناوە، پەست و تووڕە نەدەبوو، چونکە پێی وابووە ئەم ناتۆرەیە قوتابییەکان سەرقاڵ دەکات. بەمەش ناتوانن بە دوای خەوش و کەموکورتییەکانی تری کەسایەتییەکەیدا بگەڕێن. (ئومێد) ناوی کەسایەتییەکی ترە، کە کوڕی (مامۆستا دلاوەر بێجان و ست ویداد دێرتی)ە. (ئومێد) ناوێکی تایبەتە و هیچ پێشناو یاخود پاشناوێکی پێوە نەلکاوە. دەشێ خێزانی (مامۆستا دلاوەر) وەکو هیوا و گەشبینییەک ئەو ناوەیان لێنابێت، بەڵام کاتێک (ئومێد) دەبێتە هەرزەکار و لەگەڵ باوک و دایکیدا، دەکەوێتە ململانێ و کێشەوە. سەری خۆی هەڵدەگرێت و بڕیاردەدات ((ئیدی نە بە دایکو باوکی خۆیانیان دەزانێت و نە بیریشیان لێ دەکاتەوە. بڕیاری داوە نەک گەڕەکەکە، بەڵکو شارەکەیش جێبهێڵێت و تاکو ژیانی ماوە بۆی نەگەڕێتەوە))(ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش، ٢٠١٥، ل: ١٨٧). لێرەوە (ئومێد) ئیدی دەبێتە مایەی نائومێدی بۆ خێزانەکە و هیوا و ئاواتەکانیان هەڵدەوەرێنێت. واتە (کاروان

کاکەسوور) سیفەتێکی تەواو پێچەوانەی ناوەکەی بە (ئومێد) بەخشیوە. (تەلار) ناوی کچێکی دۆزراوەیە و لە لایەن ماڵی (مامۆستا دلاوەر)ەوە، بەخێودەکرێت، بەڵام نازناوەکەی (تلیلیلی)یە، گوایە ئەوکاتەی هەڵیانگرتووەتەوە. بەدەم گریان و هەنسکەوە وشەی (تلیلیلی) دووبارە کردووەتەوە. زۆرجار (ئومێد)ی برای لەسەر ئەو نازناوە درێژە تانەی لێدەدات و بە تەوسەوە پێی دەڵێت نازناوەکەی دەڵێی شەمەندەفەرە یاخود ((وەک لۆری وایە سێ کرێکار بە خاکەنازی درێژەوە لە پشتەوەی دانیشتبن))(ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش، ٢٠١٥، ل: ١٩). دووبارەکردنەوەی دەنگەکانی (تل.. یل ..یل ....ی) بۆ خۆی ڕیتمێک دروست دەکەن و وەک مۆزیک بەر گوێی وەرگر دەکەون. کە وەک یەکێک لە کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکە دەڵێت: ((تلیلیلی. مرۆڤ لەو پەڕی ناخۆشی و نائومێدیدا ناوت بهێنێت، دڵی دەگەشێتەوە، تلیلیلی، چونکە وەک ئەوە وایە هەلهەلە بکێشێت))(ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش، ٢٠١٥، ل: ٢٦). دەشێت بەخشینی ئەم نازناوە مۆسیقییە، لەلایەن ڕۆماننووسەوە بەو کەسایەتییە دۆزراوە، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە بێت، کە لە دەروونیدا دروست بووە و ئازاری دەدات. بەوەی نازانێت دایک و باوکی ڕەسەنی خۆی کێن؟! بۆیە دەکرێت لە ڕێی نازناوەکەوە جۆرێک لە هێمنی و ئارامی بە دەروونی پڕ لە گێژاویی ببەخشرێت. (باسم) ناوی بنەڕەتی کەسایەتییەکی ترە، کە بە مانای (زەردەخەناوی) دێت. بەڵام بە ناوەکەی ئاسوودە نییە و لە دیالۆگێکدا دەڵێت: (( ـ ئایا تۆ دەزانی من چەند ڕقم لەم ناوەی خۆمە؟ ئەم ناوە ناسکە کوا لەم سیما پیاوانەیەی من دێت؟ بەم چەکدارانەی خۆمم گوتووە هەر بە قاسم بانگم بکەن. ئا، ملازم قاسم))(ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش، ٢٠١٥، ل: ٤٦). ئەم ناوە (ملازم قاسم) یادەوەری وەرگر بۆ ڕابردوو دەباتەوە و دەزانێت ((ئەم کارەکتەرە کوێندەرییە و سەر بە کامە گەلە، یان سەر بە کامە ئۆلە. واتە لێرەدا ناوەکە دەبێت بە کلیل و بەشێک لە مەبەستی نووسەر دەگەیەنێتە وەرگر))(حەسەن، ٢٠١٢، ل: ١٤٣). واتە خوێنەر لەڕێگەی ناوەکەیەوە دەزانێت، کە ئەم کەسە سەر بە نەتەوەی عەرەبە و پیاوی دەسەڵاتە و بۆ دژایەتی تاکی کورد هاتووە، چونکە پلە سەربازییەکەشی، کە (ملازم)ە، ڕوونتر سیما و

خەسڵەتی دەردەخەن و وێنەی کەسایەتییەکەی تەواو دەکەن. ڕۆماننووس مەبەستی بووە، کە گەمەیەکی هونەری لەگەڵ هەستی ئیستاتیکیی وەرگردا بکات. واتە کاتێک ناوی (باسم) دەبیستێت، جۆرێک لە گەشبینی دایدەگرێت، بەڵام کاتێک ڕووبەڕووی ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی دەبێتەوە. دەزانێت کە ئەمە چەتەیە و کوردکوژە. (مام داوید قەفقازی) کەسایەتییەکی تری نێو ڕۆمانی (ڕێبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)ە، بە پێشناوەکەیدا دیارە کەسێکی بەتەمەنە، سیما و ڕوخساری وەک کەسێکی چینی دێتە بەرچاو. بەتایبەتی چاو، لوت، قژ و باڵای. هەر بۆیە نازناوی (قەفقاز)ی پێبەخشیوە، کە دەکاتە ئەو پێگە جوگرافییەی، کە هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەورووپا بەیەک دەگەیەنێت. (مامۆستا عەبدولقەوی پیرە ڕەشە گاشەبەردی) ناو و نازناوێکی تەواو درێژی کەسایەتییەکی ترە. واتە ناوەکە وێنای کەسێکی بەهێز و توند و ڕەق بە وەرگر دەگەیەنێت، کە تەواوکەری سروشتی کەسایەتییەکەیەتی. واتە ناوەکە تەواوکەری خەسڵەت و ئەدگارەکانی (مامۆستا عەبدولقەوی)یە، کە زۆر توندڕەوانە لەگەڵ دەوروبەر و قوتابییەکاندا ڕەفتار دەکات. واتە: (کاروان کاکەسوور) تەنیا لە ڕێگەی ناوی ئەو کەسایەتییەوە کۆمەڵێک ئاماژە بە وەرگر دەدات. بەبێ ئەوەی زیادەڕۆیی لە وەسفی ئەو کەسایەتییەدا بکات. (دۆکتۆر ئارۆن) ناوی کەسایەتییەکی تری ناو ڕۆمانەکەیە و دیارە ناوەکەش بیانییە، واتە هەندێکجار ناو ((دەبێتە جیاکەرەوەی ئاین، بەو پێیەی ناو بە جۆرێک لە جۆرەکان لە کەلتوور و ئاین دابڕاو نییە)) (کەسنەزانی، ٢٠٠٩، ل: ٤٣). ناوی (دکتۆر ئارۆن) ئاماژەیە، بۆ ئەوەی کە ئەم کەسایەتییە نە کوردە و نە موسڵمانە، بەڵکو کەسێکی جووە. چونکە کاریگەریی بیروباوەڕی ئاینی لە هەڵبژاردنی ناوی کەسایەتییەکاندا پێویستە لە بەرچاوبگیرێت. (کاروان کاکەسوور) بە هۆشیارییەوە ناوەکانی نێو واقیعی بۆ کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەی گواستووەتەوە، کە لەلایەک لەگەڵ ئاستی هونەری ڕۆمانەکەدا ڕۆیشتووە، لەلایەکی تریشەوە هەستی وەرگری ڕاگرتووە. بەوەی چێژ لە گونجاندنی ناو و خەسڵەتی کەسایەتییەکاندا وەربگرن.

**ئەنجامەکان:**

١. یەکێک لە شێوازەکانی ناسینەوەی ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور) ناونیشانە، چونکە ڕۆمانەکانی خاوەنی ناونیشانی ئاسایی نین، بەڵکو وەک ناونیشانی پڕ لە ئیحا و ئاماژە دەردەکەون، ئەمەش ئاستی ئیستاتیکیی دەق بەرز ڕادەگرێت و وەرگر کەمەندکێشی نێو دەق دەکات و خولیای تێرامان و قوڵبوونەوەی زیاتری نێو جیهانی دەقەکان دەبێت.

٢. ناونیشان کلیلی گەیشتنە بە دەروازەی دەق، لەم پێناوەشدا پێویستە وەرگر کۆدەکانی ناونیشان بکاتەوە و ئەو ڕایەڵە شەفاف و تەنکە ببینێتەوە، کە ناونیشان و تیمەی ڕۆمانەکان پێک دەگەیەنێت. هەروەکو لە ناونیشانەکانی (کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، کازینۆی منداڵان، ماڵی نانی، ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش)دا دەبینرێت. بەم پێیەش ناونیشانەکان هێمائامێز و پرسیار وروژێنەر و لوغزاوین. لەم ڕوانگەیەشەوە ناونیشانەکان وەزیفەی گەیاندن و جوانسازی لە دەقدا بەرجەستە دەکەن. هاوئاست گوزارشت لە ئەرکە فکری و مەعریفییەکان دەکەن و جیهانبینی ڕۆماننووس بە وەرگر دەگەیەنن.

٣. شێوازێکی دیکە، کە تایبەتمەندی ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور) دەخاتەڕوو، ناونانی کارەکتەرەکانە، لەو ڕووەوە کە شێوازی فرەجۆری گرتووەتەبەر، بەمەش خۆی لە تەنیا شێوازێکی ناونانی کەسایەتییەکاندا قەتیس نەکردووە. هەر وەکو بەکارهێنانی (تاک ناوی سادەی بێ مەبەست و مەبەستدار، جا چ کوردی بێت، یا عەرەبی یاخود بیانی) وەکو (ئامانج، هەژار، ئازاد، تیشکەشان، گوڵدان، بسەلماح، عوریقە، ئارۆن، مارینا) ئەم ناوانەش گوزارشت لە کەسایەتییەکان و قۆناغی ژیانیان و ژینگەیان دەکەن و ئینتیمای نەتەوەیی و ئاینیان دەخەنەڕوو. هەروەها بەکارهێنانی (ناو و نازناو ـ لەقەب) وەکو (سیڤەری مارژەن، ئاسۆی نیگارکێش، شێرۆی نانەوا، برایم تەنتریۆف، ئازۆ ئازوقە، خەلۆ چاوسوور، ملازم قاسم، ئامیرا بابل) یاخود ناوی لێکدراوی خەسڵەتدار) وەکو (ست ویداد دێرتی، مام داوید قەفقازی، مامۆستا عەبدولقەوی پیرە ڕەشەگاشەبەردی).

٤. هەروەها شێوازێکی دیکەی بەخشنی ناو بە کەسایەتییەکان بریتییە لە دووبارەبوونەوەی ناوێک لە ڕۆمانێکدا بۆ زیاتر لە کارەکتەرێک لە ڕێگەی بەخشینی ژمارەوە بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ ناوەکانی لێکجوداکردووەتەوە، وەکو (پەرهەنگی یەکەم، پەرهەنگی دووەم، دڵداری یەکەم، دڵداری دووەم، ڤیانی یەکەم، ڤیانی دووەم) لە ڕۆمانی (ماڵی نانی)دا. هەروەها لە ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان)دا، ناوی (مەیسوون) بە چوار کارەکتەری جیاواز بەخشراوە.

٥. ناوی سیمبول ئاسا شێوازێکی دیکەی ناونانی کارەکتەرە لای (کاروان کاکەسوور)، هەروەکو لە ڕۆمانی (کازینۆی منداڵان)دا دەبینرێت، واتە ناوی چەند کارەکتەرێک لەسەر ئاستی سیمبولدا دەبینرێن، وەکو ناوەکانی (گۆران، بێکەس، قانع، هەردی، دڵدار، زێوەر). ئەم هەمەجۆرییەش لە ناونانی کەسایەتییەکاندا، وەکو شێوازێکی تایبەتی ناسینەوەی ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور) دەردەکەون. بەم پێیەش زۆرجار وەرگر لەمیانەی ناوەوە پەی بە کەسایەتیی کارەکتەرەکان دەبات. واتە زۆرجار ناوەکان خەسڵەتدارن و لەگەڵ ڕۆڵ و پێگەی کارەکتەردا گونجاون. بەمەش ڕۆماننووس خۆی لە درێژدادڕی و وەسفی بێزارکەر بواردووە.

**سەرچاوەکان:**

**یەکەم: ڕۆمانەکانی (کاروان کاکەسوور):**

- ڕیبەنێکی سوور و ملپێچێکی ڕەش، کاروان عومەر کاکەسوور، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی تاران، چ١، ٢٠١٥.
- سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە، کاروان عومەر کاکەسوور و دواڕۆژ کاروان، لە چاپکراوەکانی یانەی قەڵەم، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٩.
- کازینۆی منداڵان، کاروان عومەر کاکەسوور، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی کارۆ، چ١، ٢٠١٣.
- کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان، کاروان عومەر کاکەسوور، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٢.
- ماڵی نانی، کاروان عومەر کاکەسوور، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی تاران، چ١، ٢٠١٤.

**دووەم: بە زمانی کوردی:**

أ. **کتێب:**

- حەسەن، حەمەسەعید، لە هەیڤدا بۆ ڕووی تۆ و لە پەیڤدا بۆ خۆم دەگەڕێم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ ١، هەولێر، ٢٠١٠.
- حەسەن، محەمەد فەریق، ئەزموونی چیرۆکنووسین، بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی لەریا، چ١، سلێمانی، ٢٠١٢.
- ڕەشید، فوئاد(د)، دەقی ئەدەبی(ئەدگار. چێژ. بەها)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چ ١، هەولێر، ٢٠٠٧.
- زامدار، مەحمود، ناو نازناو ناوەناتۆرە و ساناکردنی ناو لە ناو زمان و لەلای گەلی ئێمەدا، چاپخانە ؟، ساڵ؟.

- زراری، سەنگەر، هێڵەکانی خوێندنەوە، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ ١، هەولێر، ٢٠١٢.
- سەراج، عەبدوڵڵا، بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ ١، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- شێخانی، عبدالوهاب کانبی شریف، فەرهەنگی نازناو و ناو و ناتۆره و ناوقرتاندن و ناوی کۆنی کوردی، چاپخانەی مناره، چ١، هەولێر، ٢٠١٦.
- فایەق، دانا، مناڵێک بەدزییەوە کتێب دەخوێنێتەوە(گفتوگۆ لەگەڵ کاروان کاکەسوور)دا، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی ڕەخنەی چاودێر، چاپخانەی ؟، ٢٠٠٨.
- کاکەسوور، دوارِۆژ کاروان و کاروان عومەر، سوارەکان بە قاچاغ بووکیان گواستەوە، بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر، چ ٢، هەولێر، ٢٠١١.
- کاکەسوور، کاروان عومەر، سەدەی یەکەمی خەیاڵ(چیرۆک)، کتێبفرۆشی سۆران، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- کاکەسوور، کاروان عومەر، مناڵیم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکە زێرِینەکاندا بازبازێنی دەکرد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٣.
- ئارام سدیق، ناونیشان لە چیرۆکی کوردییدا، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠٠٩.
- ئارام سدیق، نەمری و گێڕانەوە(رامان لە بەرهەمەکانی ئارام کاکەی فەلاح)، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٢.
- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، ئەزموونی خوێندنەوە چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ ١، سلێمانی، ٢٠٠٦.

**ب. گۆڤار:**


- باجەلان، بلّند، فیکر و فەلسەفە لە فەزای (کازینۆی منداڵاندا)، هەنار، ژ (٩٠)، ٢٠١٣.
- جەمال، نەورۆز، دیدار لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسوور، هەنار، ژ (١٥)، ٢٠٠٧.
- شاهین، هیمداد، ماڵ لە ناشوێنەوە بۆ شوێن، هەنار، ژ (٧٩)، ٢٠١٢.
- عەلی، ئیدریس، دیدار لەگەڵ (کاروان عومەر کاکەسوور)، ئاینده، ژ (٨٥)، ٢٠٠٩.
- فەتاح، کاروان محەمەد، کەناڵی مەیموونە چەکدارەکان (کەناڵێک بۆ گومانکردن)، گەلاوێژینویٚ، ژ (٥٥)، ٢٠١٢.
- کەسنەزانی، بوشرا، ناوی کاراکتەر لە چیرۆک و ڕۆمانی پاش ڕاپەڕیندا، بەشی یەکەم، هەنار، ژ (٤٠)، ٢٠٠٩.
- مەنتک، حەمە، گوتاری جەستە لە ڕۆماندا (کازینۆی منداڵان) ی کاروان عومەر کاکەسوور بە نموونە، گەلاوێژی نویٚ، ژ (٦٤)، ٢٠١٤.
- نەجمەدین، مەحموود، واقیع لە کراسی خەیاڵدا (شار لە بەرهەمەکانی کاروان کاکەسوور دا)، ئاینده، ژ (٩٥)، ٢٠١١.
- ئازاد، سۆران، کاردانەوەی فکر لە ڕۆمانی کوردیدا، گەلاوێژی نویٚ، ژ (٥٥)، ٢٠١٢.


**سێیەم: نامەی ئەکادیمی بە زمانی عەرەبی:**


- سعاد، دحمانی، دلالة المکان في ثلاثیة نجیب محفوظ (دراسة تطبیقیة)، رسالة الماجستیر، کلیة الآداب و اللغات، جامعة الجزائر، ٢٠٠٧ ـ ٢٠٠٨.

**ملخص:**

هذا البحث عنوانه "أسلوب العنوان وتسمية الشخصيات في روايات(كاروان عمر كاكەسوور)"، العنوان له موطئ قدم كبير في الروايات. يجذب ، في البداية ، انتباه القارئ. وبالتالي ، لا يظهر العنوان كعنصر عادي. ولهذا السبب يريد الروائي أن يحمل عنوانه معاني أعمق مما يدفع القارئ إلى كشفها. وجانب آخر من هذا البحث يهتم بالطريقة التي ذكر بها (كاروان عمر كاكەسوور) شخصياته في الرواياته. ولإن اسماء الشخصيات هي جزء مهم من البنية الفنية للروايات ويمكن أن تحمل سمة الشخصيات و اوصافهم.

يتكون البحث الحالي من مقدمة و فصلين. يتناول الفصل الأول جانبين، اولهما أسلوب عناوين الرواية و التالي اسلوب العنوان في روايات (كاروان كاكەسوور). كما يتكون الفصل الثاني على جانبين اساسين، اولهما أسلوب تسمية الشخصيات في الروايات و الثانى هو كيفية تسمية الاشخاص في (روايات كاروان كاكەسوور). وأخيرًا ، يتم تقديم الاستنتاجات للبحث والمراجع وملخص للدراسة باللغتين العربية والإنجليزية.

**Abstract:**

This research is entitled "Title Style and Character naming in Karwan Omer Kakasurs novels". Title has a significant foothold in novels. It, at the outset, attracts the attention of the reader. Thus, novel title does not appear as an ordinary element. And that is why a novelist wants his novel title to have deeper meanings which prompts the reader to unravel them. This research is concerned with the way Karwan Omer Kakasur names his novel characters. Character names are parts of artistic structure of novels and can carry the trait of the characters. This is illuminated in some novels of Karwan Omer Kakasur .

The current research, which is part of a doctoral thesis, consists of an introduction and two chapters. The first chapter deals with the style of the novel titles. The second chapter highlights the style of character naming

in the novels. Finally, the conclusion to the research, references and a summary of the Kurdish written study in Arabic and English are presented.